# هزری ڕۆشنگەری و لێکەوتەکانی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا

**لەنجە عبدالرحمن غریب[1] - محمد ئەمین عبدالله[2]**

[1]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان،عێراق.

[2]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان،عێراق.

**پوختە:**

لەم توێژینەوەیەدا لەژێر ناوی (هزری ڕۆشنگەری و لێکەوتەکانی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا)، دەمانەوێت زاراوەو چەمکی ڕۆشنگەری و دواتر کاریگەری و لێکەوتەکانی ڕۆشنگەری لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا بخەینە بەرباس، لەم ڕووەوە دەمانەوێت کار لەسەر چەمکی ڕۆشنگەری وەک پرۆژەیەکی هۆشیاریی گشتگیری هەمەلایەنە بکەین، چونکە ڕۆشنگەری بو لەسەدەی هەژدەیەمدا لە نێو کلتورو ئەدەبیاتی ئەورووپییەوە سەرچاوەی گرت و دەستەیەک لە ڕۆشنگەرانی وەک جۆن لۆک- مۆنتیسکۆ- ڤۆلتێر- ڕۆسۆ- کانت- دیدرۆ.. ڕۆڵی کاریگەرییان لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی ئەورووپیدا بینی، ئەدەبیاتی کوردی وەک بەشێک لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی لە کاریگەرییەکانی ڕۆشنگەری ئەورووپی بەدەرنەبو، لەم نێوەندەداو لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم بەدواوە شیعری کوردی لەلایەن گروپ و بزوتنەوە نوێخوازەکانەوە هەوڵی نوێکردنەوەو گۆڕانکاریدا لەم سۆنگەیەوە بەشێکی زۆری شاعیرانی هاوچەرخ بەرگێکی ڕۆشنگەرانەو ئیستاتیکییان بەبەر شیعری هاوچەرخدا کردو دەنگی یاخیبون و خستنەڕوی تراژیدیاو نەهامەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردییان بەرزتر کردەوە، ئەمەش وایکرد شاعیرانی ڕۆشنگەر دەقە شیعرییەکانیان وابەستەی ئەو مەبەست و ناوەڕۆک و بابەتانە بکەن کە کەسێتی تاکێکی چاوکراوەترو هۆشیارتری بنیاتدەنا.

**کلیلە وشەکان:** ڕۆشنگەری، شیعری هاوچەرخ، هزری ڕەخنەیی، هۆشیاری.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(5).Paper9
**Received:** 07-February-2022
**Accepted:** 03-April-2022
**Published:** 29-December-2022
**Corresponding Author's E-mail:**
lanja.abdurahman@uor.edu.krd
mohammed.ameen@univsul.edu.iq
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

ڕۆشنگەری وەک چەمکێکی مەعریفی ئەنجامی هزر و تێڕوانینی چەندین بیرمەند و فەیلەسوفی ڕۆژئاوا بوە، دواجار بوەتە سەرچاوەی گۆرانکاریی ڕیشەیی لە کلتورو هزری ڕۆژئاواداو لە وێشەوە لێکەوتەکانی پەڕیوەتەوە بۆ نێو کلتورو ئەدەبیاتی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات، دواتر کاریگەری ئەم هزرە ڕۆشنگەرییە گەیشتوەتە نێو ئەدەبیاتی کوردی و چەمکە مەعریفییەکانی لە هزری شاعیران و نوسەرانی کورددا ڕەنگیداوەتەوەو بەپێی ئاستی تێگەیشتن و چۆنیەتی و چەندێتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا شیعری کوردییان پێ ڕەنگڕێژکردوە. ئەگەرچی بەهۆی هەلومەرج و زەمینەی نالەباری نەتەوەکەمان ڕەنگدانەوەی سیماکانی ڕۆشنگەری بەتەواوی لە هزری شاعیرانی کورد و ئەدەبی کوردیدا بەهەمان شێوەی، کلتورو ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا بونی نەبوە ڕەنگینەداوەتەوەو دەرنەکەوتوە، بەڵام شاعیرانی کورد توانیویانە سود لە سیما جیاوازەکانی ئەم هزرە ڕۆشنگەرییە وەربگرن و بەپێی ئاستی هۆشیاری و درکپێکردنیان ناوەڕۆکی شیعری کوردی لە قۆناغە جیاوازەکانی ئەدەبیاتی کوردیدا پێ نوێبکەنەوە. لەهەمان کاتدا شاعیرانی ڕۆشنگەر ڕۆڵێکی کاریگەریان لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردیدا بینیوە، بەتایبەتی ئەو شاعیرانەی لەلایەکەوە ئاگاداری ڕەوتی نوێخوازی و سروشتی گۆڕانکارییە مەعریفییەکانی ئەدەبیاتی جیهانی و ناوچەکەبون و لەلایەکی دیکەشەوە تێڕوانینی قوڵ و چڕیان لەبەرامبەر هەلومەرج و دۆخی نالەبارو ناجێگیری کۆمەڵگەی کوردی و تێکڕای ئەو بیروباوەڕە دواکەوتو و کۆنەپەرستانەی هزری تاکیان زیندانی کردبو، شاعیرانی هێنایە دەنگ و شیعر بوە پەیامێکی ڕاچڵەکێنەرو هۆشیارکەرەوە.

ئەم هزرە ڕۆشنگەرییە لەبنەڕەتدا پرۆژەیەکی هۆشیاریی بو لە پێناو دابڕان و بەگژداچونەوەی ئەو باوەڕە نەریتییانەی تاکی کوردیان پێ پەروەردەکرا بو، هەر بۆیە لەم قۆناغەدا ئەدەبی هاوچەرخی کوردی لە هەوڵی ئەوەدابوە لە ڕێگەی پەیامی شیعرییەوە هزری تاکی کورد بەرانبەر بە هەندیک چەمکی وەک ئازادی و دادپەروەریی و چەوساندنەوەو ستەمکاری و پەروەردەو ئایین...تاد بگۆڕن و تاکێکی جیاوازتر و هۆشیاتر و بیر فراوانتر پەروەردە بکەن. بۆیە دەبینین ناوەڕۆکی شیعری ئەم سەردەمە لەڕوی گەیاندنی پەیام و ئامانجەکانییەوە گۆرانکارییەکی ڕیشەیی بەسەرداهاتوە.

## پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:

پێکهاتەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەم شێوەیە داڕێژراوە، کە خۆی لە پێشەکی و دوبەشدا دەبینێتەوە. بەشی یەکەمی توێژینەوەکە خۆی لەچەند تەوەرەیەکدا دەبینێتەوە کە ئەمانەن: تەوەرەی یەکەم باس لە زاراوەی ڕۆشنگەری و سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئەم چەمکە دەکات لە نێو ئەدەبی کوردیدا لە ژێر ناوی -زاراوەی ڕۆشنگەری لە ئەدەبی کوردیدا. تەوەرەی دوەم وەک سەرەتاو دەرکەوتن باس لە زەمینەی سەرهەڵدانی ڕۆشنگەری دەکات لە ئەدەبیاتی کوردیدا و تەوەرەی سێیەم تایبەتە بە قسەکردن لەسەر سەرهەڵدانی هزری ڕۆشنگەری لە ئەدەبیاتی کوردیدا و سەرەتا باسکردنە لە هزری ڕۆشنگەریی لە ئەدەبیاتی کوردی لە نێوان ساڵانی ١٩١٨-١٩٥٨. دواتریش باس لە هزری ڕۆشنگەری لە ئەدەبیاتی کوردی لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨- ١٩٧٠ دەکات.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper9

بەشی دووەم خۆی لە چەند تەوەرەیەکدا دەبینێتەوە، لە تەوەرەی یەکەمدا هزری ڕۆشنگەری لەئەدەبیاتی کوردی ١٩٧٠- ١٩٩٠ و زەمینەی سەرهەڵدانی ڕۆشنگەری خراوەتەڕو لەم قۆناغەدا. لەتەوەری دوەمیشدا باس لە کاریگەریی ڕۆشنگەری و وابەستەبونی ئەدەب دەکات بە کۆمەڵگەوە. لە دواتردا ئاماژە بەو ئەنجامانە کراوە کە پێی گەیشتوین. لە کۆتایشدا ئەو سەرچاوانە خراونەتەڕو، کە سودیان لێوەرگیراوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە.

**سنوری لێکۆڵینەوەکە:** سنوری کاری ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە باسکردن لە چەمکی ڕۆشنگەری و کاریگەری و لێکەوتەکانی ئەم چەمکە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا لەماوەی نێوان (١٩٧٠-١٩٩٠)، بە نمونەی شیعریی چەند شاعیرێکی ئەم قۆناغە. چونکە شاعیرانی ئەم قۆناغە لە نێو هەلومەرج و بارودۆخێکی نوێی سیاسی و ڕۆشنبیریدا چاویان کردەوە کە لەدو توێی توێژینەوەکەدا ئاماژەمان پێکردوە، ئەمەش وایکرد ناسنامەی شیعری حەفتاکان بەدواوە جیاوازتر خۆی بنوێنێت بەراورد بە قۆناغی پێش خۆی.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕو دەرکەوتنی چەمک و هزری ڕۆشنگەرییە لە شیعری کوردیدا و هێنانەوەی چەند نمونەیەکی شیعرییە لە شیعری چەند شاعیرێکی ئەو قۆناغەدا، کە لە ژێر کاریگەری بنەماکانی هزری ڕۆشنگەریدا شیعریان هۆنیوەتەوە.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:** میتۆدی کارپێکراو لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە میتۆدی شیکاری- وەسفی لە چوارچێوەی چەمکی ڕۆشنگەری و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی لە شیعری هاوچەرخی کوردی لە نێوان ساڵانی 1970 تاوەکو ساڵانی 1990.

## بەشی یەکەم

## سەرەتاکانی دەرکەوتنی هزری ڕۆشنگەری

### تەوەرەی یەکەم: زاراوەی ڕۆشنگەری لە ئەدەبی کوردیدا

ڕۆشنگەری زاراوەیەکی نوێیە لە نێو ژیارو کلتوری ئەوروپیداو مێژوی بەکارهێنانی بۆ سەدەی هەژدەیەم دەگەڕێتەوە. بیرمەندانی ئەوروپا ئەم مێژوە بەیەکێک لە چرکەساتە وەرچەرخێنەرە کاریگەر و پرشنگدارەکان لە شارستانیەتی ئەوروپیدا لەقەڵەم دەدەن. زاراوەی ڕۆشنگەری لەسەدەی هەژدەیەم بەدواوە لە زمانە ئەوروپییەکاندا لە فۆرمی جیاوازدا بەکارهێنراوە، بۆ نمونە "لەزمانی ئینگلیزیدا لە بەرامبەر ڕۆشنگەری (enlightenment)، لە فەرەنسیدا (lumiere)، لە ئەڵمانیدا (aufklarung)" (بغورە: ٢٠٠٩: ٢)و لە عەرەبیشدا (التنویر) یان (الاستنارە) بەکارهێنراون، کە سەرجەمیان بەواتای ڕۆشنگەری دێن.

زاراوەی ڕۆشنگەری (التنویر) لەزمانی عەرەبیدا لەوشەی (نور)ەوە وەرگیراوە، کە بەواتای (ڕوناکی) دێت. هەروەها زاراوەی (نور-ڕوناکی) بەواتای گزنگی بەیانی دێت، لەم ڕووەوە (التنویر) کاتی گزنگی بەیانییە..(أستنار) واتا ڕوناکبویەوە، کاتێک دەوترێت (شعب مستنیر) واتە میللەت ڕۆشنبویەوە، یان هۆشیارو ڕۆشنبیر بو. (الصباغ،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper9

٢٠٠٥، ٨). لەسەرەتادا ئەم زاراوەیە لە چوارچێوەی ئاین و تیۆلۆژیادا بەکارهێنراوەو واتایەکی یەزدانی دور لەو واتایەی پێبەخشراوە، کە لەسەدەی هەژدەیەمدا بۆی بەکارهاتوە.

ئەم زاراوەیە بەدرێژایی چەندین سەدەی دورو درێژو لەدوای یەک لە چوارچێوەیەکی داخراوی ئاینیدا بەکارهاتوە، "بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست لەنوسینەکانی تیۆلۆژیستە مەسیحیەکاندا، ئاماژە بەو وەحییە ڕۆشنە یان درەوشاوەیە دەکرێت، کە سروشتی مرۆڤ ڕۆشن دەکاتەوە لەم ژیانەی دنیاداو دواتریش ژیانی پاشەڕۆژ" (سالح،٢٠٠٥، ١٣٩).

بەکارهێنانی زاراوەی نور یان ڕوناکی تاسەدەی هەژدەیەم بەو شێوەیە مایەوە، دواتر لەسەدەی هەژدەیەمدا ڕۆشنگەران و داکۆکیکەران لە هزری ئازاد، بێ ترس و سڵەمینەوە زاراوەکەیان وەک زارەوەیەکی هزری سەربەخۆو دژ بە ئاین و بیروباوەڕە کۆنەپەرست و چەقبەستوەکان بەکارهێناو کەوتنە جەنگێکی یەکلاکەرەوە لەگەڵ هەمو ئەوانەی، کە دژ بە چەسپاندنی بەهاکانی ئازادی و یەکسانی و دیدی ڕەخنەگرانە بون.

زاراوەی ڕۆشنگەری "لە فەرەنسادا بۆ یەکەمجار ساڵی ١٧٥٠ لەلایەن ڕۆسۆوە لە (وتاری یەکەم)دا بەکارهات. ساڵێک دواتر دالامبیر وەک سەرنوسەری ئینسکلۆپیدیا لە وتاری سەرەتای ئینسکلۆپیدیادا بەکاریهێنا. پاشان لە هەمو فەرەنسادا بەکارهێنرا. بەڵام زاراوەکە بە شێوەیەکی ڕەسمی لە ئەڵمانیا دا لە ساڵی ١٧٨٤ بەکارهات، کاتێک لەبارەی پرسی ڕۆشنگەرییەوە پرسیار لە کانت دەکرێت. سەبارەت بە بەریتانیاش، هەرچەندە بەریتانیا خاوەنی جەوهەری ڕۆشنگەری بو، بەڵام خاوەنی زاراوەیەکی گونجاو نەبو بۆ ڕۆشنگەری، بۆیە زاراوەکە تا کاتێکی درەنگ لەو وڵاتەدا بەکار نەهات" (هیملفارب، ٢٠٠٩، ١٦).

زاراوەی ڕۆشنگەری لە ڕۆشنبیری کوردیدا زاراوەیەکی نوێیە، لە ڕێگەی کاریگەریی و وەرگێرانی هزری ڕۆژئاواو هاوچەرخی عەرەبییەوە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا بۆ نێو کایەی ڕۆشنبیریی کوردی گواستراوەتەوە. پێشترو لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا زاراوەی منەوەر لە جیاتی ڕۆشنگەر یان ڕۆشنفکر بۆ ئەو کەمینە ڕۆشنبیرو ئەدیب و شاعیرانە بەکارهاتوە، کە خاوەن هزرێکی ڕۆشن و پێشکەوتنخوازانەو کراوەو نیشتمانپەروەر بون و دژایەتیی کۆنەپەرستی و ستەمکاری و نەزانینییان کردوەو هانی خەڵکیان داوە بۆ خوێندن و زانستپەروەری و خۆشەویستی نیشتمان و ڕەخنەیان لە نەریتە دواکەوتوەکان گرتوە. بەشێکی زۆری خەڵکی لەو ڕۆژگارەدا ئەو جۆرە بۆچونە پێشکەوتنخوازانەی پێ قبوڵ نەبوەو دژایەتییان کردون، بەتایبەتی توێژی نەزان و کۆنەپەرست و بەشێک لە پیاوانی ئایینی و مەلاکان تەنانەت فتوای کوشتنیان بۆ دەرکردون. لەم ڕووەوە ڕەفیق حیلمی لە یاداشتەکانیدا لە بارەی زاراوەکەوە دەڵێ: منەوەر بەوکەسانە دەوترا کە خوێندەوارو کوردپەروەربون و لە هێزی وشەو خوێنی گەرم شتێکی ئەوتۆیان شک نەدەبرد، بەڵام لای کۆنەپەرستەکان منەوەر بێدینەکان واتە ئەوانە بون کە دوژمنی ئیسلام و دەوڵەتی تورک بون .(حیلمی، ٢٠٠٠، ٩)، کەواتە لەلایەکی دیکەوە دەتوانین بڵێین زاراوەی منەوەر لەو سەردەمەدا بۆ ئەو ڕۆشنبیرانەش بەکارهاتوە، کە لە ژێر کاریگەری بیری داگیرکەریی عوسمانیدا نەبون و پشتگیری بیروباوەڕە پێشکەوتنخوازەکانی ڕۆژئاوایان کردوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper9

کاتێک لە کایەی ڕۆشنبیریی کوردیدا باس لە هزری ڕۆشنگەری دەکرێت، ناکرێت سیماکانی ڕۆشنگەریی ئەوروپی لە نێو ڕۆشنبیری کوردیدا بە تەواوەتی دیاری بکەین، لەبەرئەوەی ئەو زەمینە مێژووییەی لە ڕۆژئاوادا ڕۆڵی هەبوە لە دەرکەوتنی ڕۆشنگەریدا تەواو جیاواز بوە لە ڕۆژهەڵات، چونکە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان و بەتایبەتتر کۆمەڵگەی کوردی بەهەمان ئەو قۆناغە مێژوویيانەدا تێنەپەڕیون، کە ئەوروپییەکان ئەزمونیان کردوە. وەک هاشم ساڵح لەم بارەوە دەڵێ: "ڕۆشنگەری کە بەلای ئێمەوە زۆر دیاردەیەکی نوێیە یاخود لە دنیای ئێمەدا ئەزموننەکراوە، بەلای ڕۆشنبیرێکی ئەوروپییەوە شتێکی کۆنەو لانی کەم ماوەی دو سەدەیە ئەزمونی کردوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ڕۆشنبیری ئەوروپی ڕۆشنگەری جێهێشتوە، لەکاتێکدا بۆ ئێمە دیاردەیەکە لە پێش دەممانداية، کەواتە سەیرکردنی ڕۆشنگەری بەچاوی کۆمەڵگە ئەوروپیيە پێشکەوتوەکان، جیاوازە لەوەی بەچاوی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان لێیبڕوانین" (سالح، ٢٠٠٧، ٣٥٤). هەر ئەمەش وایکردوە تێکەڵییەک لە بارەی زاراوەکانی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری و مۆدێرنێتەوە لە نێو کایەی ڕۆشنبیریی کوردیدا سەرهەڵبدات، لە کاتێکدا هەر زاراوەیەک لەخۆیدا پرۆسەیەکی مێژویی و هەڵگری هزرێکی دیاریکراو سەربەخۆ بوە. بەڵام کۆمەڵگەی کوردی ئەم جەنگ و ململانێ هزرییانەی ئەزمون نەکردوە، بەڵکو تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی داخراو چەقبەستوی نەریتی بوە، لەسەدەی نۆزدەیەمدا تێکڕای ئەو زاراوەو چەمکانەی بەتێپەڕبونی چەندین سەدە هزری ئەوروپی لە چوارچێوەی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری و مۆدێرنێتەدا بەرهەمیهێناون، لەکاتێکی دیاریکراوداو بە هاوردەکراوی و ئامادەکراوی و بەبێ هیچ خۆسازکردنێک گەشتونەتە نێو کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکانەوە. ئەمە وایکردوە سەرجەم چەمکەکانیش بە هەمان ماناو چەمکی یەکدی بەکاربهێنرێن. واتە لە یەککاتدا ڕێنیسانس یان ڕۆشنگەری یان مۆدێرنێتە بۆ ئەو دۆخە مێژووییەی پاش سەدەی نۆزدەو کرانەوەی ڕۆژهەڵات بەرەو ڕوی ئەوروپادا بەکارهاتوە لە نێویشیاندا کۆمەڵگەی کوردی.

## تەوەرەی دوەم: زەمینەی سەرهەڵدانی ڕۆشنگەری لە ئەدەبیاتی کوردیدا

لە بارەی هەلومەرج و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی هزری ڕۆشنگەری لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەستنیشانیان بکەین:

١-کرانەوەی کلتوری کوردی بە ڕوی کلتوری ئەوروپیدا: لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم بەدواوە ساتە وەختی خۆڕزگارکردنی بو لەو سەرچاوە مەعریفیانەی، کە چەندین سەدە بو باڵادەستی خۆیان بەسەر ئەدەبیاتی کوردیدا سەپاندبو. ئەو ڕایەڵە پتەوەی بۆ یەکەمجار کارلێکی لە نێوان ئەم دو کلتورەدا دروست کرد ڕۆشنبیری عوسمانی-تورکی بو. واتە سەرەتاکانی ئەم کرانەوەیە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆو لەڕێگەی ئەو کەش و هەواو ژینگە ڕۆشنگەرییەی کە بۆ ئەدیب و شاعیرانی کورد لە ژێر سایەی دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا هاتبوە پێشەوە ڕۆڵی لە فراوانکردنی ئاسۆکانی بینین و ئاشنابونی ڕۆشنگەرانی کوردی بە گۆڕانکارییە نوێیەکان زیاتر کرد، کەواتە " دروستبونی پەیوەندییەکی شارستانی و کولتوریی بەهێز، بۆیەکەمین جار لە مێژوی کورددا لە نێوان کوردستان و ئەوروپادا واتە لە نێوان ئەدەبی کوردی و ئەدەبی ئەوروپیدا، بەتایبەتی لە ڕێگەی تورکیاوە"


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper9

(پیربال، ۲۰۰۰، ٥٣). دەروازەیەكی نوێی بەڕوی گەنجانی ڕۆشنبیری تورک و کورددا کردەوە تا سود لە ئەزمون و شێوازی ژیان و هزری ئەوروپییەکان وەربگرن.

٢- بزاڤی چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەری بۆیەکەمجار لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ڕۆڵێکی باڵای لە بڵاوبونەوەو پەخشکردنی هزری ڕۆشنگەریدا بینی، شۆڕشێکی هزری فراوانی لەو ڕووەوە بەرپاکرد، لەم ڕووەوە "دەرچونی ڕۆژنامەی کوردستان لە نیسانی ۱۸۹۸ داو بڵاوکردنەوەی هەندێک گۆڤارو چاپەمەنی ترو دامەزراندنی ڕێکخراوی کولتوری، سیاسی و کۆمەڵایەتی نیشانەی ئەو قۆناغە نوێیەو ئەنجامی پێگەیشتنی دەستەی خوێندەواری نوێیە، کە بونە پێشەنگی بیری ڕۆشنگەری و خەباتی ناسیونالیستی"(سابیر، ۲۰۰۸ ، ۲٦۲).

٣-بزوتنەوەی وەرگێران: "قۆناغی نوێی وەرگێران لە ئەدەبی کوردیدا بەوە دەناسرێتەوە، کە نوسەرو ڕوناکبیرانی کورد لە قاهیرەوە لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئەستەمبوڵ و قاهیرەوە لەگەڵ ئەدەبیاتی ڕۆژئاواو شارستانیەتی ئەوروپا دروست دەکەن" (پیربال، ۲۰۰۰، ٥٧)، ئەمە وایکرد ئەدیب و شاعیری کورد ئاگاداری گۆڕانکارییەکانی ئەو جیهانە نوێیە ببێت، کە ڕوبەڕوی بوبۆوەو خەریکی پەیوەندی گرتن بو لەگەڵیدا، کە لە دواجاردا کاریگەری لە فراوانبونی جیهانبینی ڕوناکبیری کورددا خولقاند و وایکرد بە دیدگایەکی نوێوە خوێندنەوە بۆ دیاردەو ڕوداوەکان بکات. ڕاستە ڕوناکبیرانی ئێمە سەرجەمیان ئاشنایەتی و شارەزاییان لەگەڵ زمانە ئەوروپییەکاندا نەبو، بەڵام لە ڕێگەی زمانەکانی تورکی و فارسی و عەرەبییەوە هەوڵیاندەدا دەستیان بە بیرۆکە نوێیەکان بگات و بەرگ و مۆرکێکی کوردانەیان بەبەردا بکەن.

٤- کۆمەڵەو ڕێکخراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سیاسییەکان کە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا دەرکەوتن، بونە ناوەندو مەڵبەندێکی گرنگ بۆ کۆبونەوەی ئەدیب و شاعیران لە پێناو ئاڵوگۆڕکردنی پرسە سەردەمییەکان و بوژانەوەی ئەدەبیات و پەخشکردنی زانیاری سەردەمیانەو کردنەوەی قوتابخانەو گفتوگۆکردن و خستنەڕوی ئاریشەکان بە دیدو تێڕوانینی نوێوە. " زۆربەی دامەزرێن و ئەندامانی ئەم کۆمەڵەو ڕێکخراوانە نوسەرو شاعیرانی گەنج بون، لەسەرەتادا ئاوارەی ئەستەمبوڵ و پایتەختەکانی ئەوروپا، پاشانیش لە ۱۹۲۳ و ۱۹۲٥ بەملاوە گەڕانەوە بۆ کوردستان، ئەم کۆمەڵەو ناوەندە جۆراوجۆرانەو بڵاوکراوەکانیان بەکاردەهێنا بۆ دەربڕینی نوێگەرایی و تازەکردنەوەی ئەدەبی" (پیربال، ۲۰۰٥، ۳۳). یەکێک لەو کۆمەڵە ڕۆشنبیرییانەی ڕۆڵێکی کارای لە پێشخستنی بواری زانست و خوێندندا هەبو کۆمەڵەی زانستی بو، کە لەلایەن چەند کەسێتییەکی ڕۆشنگەری وەک جەمال بابان و ڕەفیق حیلمی و پیرەمێردەوە دامەزرا. یەکەمین کاریان گرنگیدان بو بە بواری خوێندن و خوێندنی کوردی لە سلێمانیدا، ئەم کۆمەڵەیە کاتێک پێکهات، کە ژمارەی قوتابخانەکان کەم بون، بۆیە قوتابخانەیەکیان کردەوەو زۆر کەسیان فێری خوێندن و نوسین کردو یەکەمین ئامانجی نەهێشتنی نەخوێندەواری بو. (سالح، ۲۰۱٥، ٦۲-٦۳).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper9

## تەوەرەی سێیەم: هزری ڕۆشنگەری لە ئەدەبی نوێی کوردیدا (١٩١٨-١٩٧٠)

هزری ڕۆشنگەری لەم قۆناغە بەدواوە ڕۆڵێکی سەرەکی لە ڕەنگرێژکردنی ئەدەبیاتی کوردی بە هزری مرۆڤدۆستی و ژیاندۆستی و زانست پەروەریدا دەبینێت "لای ئەم نەوە تازانەی ڕۆشنبیری کوردی خەمی سەرەکی بنیادنانی شوناسێکی کوردی سەربەخۆ تێکەڵدەبێت بە خەونی تازەکردنەوەی ئەم کۆمەڵگەیە، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی شانبەشانی پاراستنی مافە نەتەوەییەکان دەڕۆن و بەرگریکردن لە کۆمەڵگەو بەرگریکردن لەنەتەوە بەیەک خێرای دەچن بەڕێوە. لای ئەم نەوەیە سەربەخۆبون و و تازەبونەوە، نەتەوەو ڕۆشنگەری، پێشکەوتن و ڕزگاربون دەبنە تێکەڵێکی لێکدیجیانەکراوەو بەسەریەکەوەی ئەو فەزا ڕۆحی و ڕەمزی و کولتورییە نوێیە دروستدەکەن، کە کۆمەڵگەی ئێمە لە ساڵەکانی کۆتایی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیداو دوای کەوتنی ئیمپراتۆرییەتەکە دەکەوێتە ناوییەوە" ( قانع، ٢٠٠٤، ١٣٢).

لەم قۆناغەدا دەقە شیعرییەکانی زێوەرو پیرەمێرد و موفتی پێنجوێنی و بێکەس و قانع دەبنە هەوێنی سەرهەڵدانی دەنگێکی دیاری ڕۆشنگەرانە لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا، بەجۆرێک، کە کۆمەڵێک زاراوەی وەک ئازادی-مافی ژن- دەوڵەت- نەتەوە- پێشکەوتن دەبنە داینەمۆو بزوێنەری هزری ڕۆشنبیری کوردی. ئەحمەد موختار جاف لە ڕێگەی شیعرو ڕۆمانەوە لە هەوڵی هۆشیارکردنەوەو بەئاگاهێنانەوەی تاکی کوردیدایە. بۆ یەکەم جار لە ڕێگەی ئەم ئەدیبە ڕۆشنگەرەوە دەقی ڕۆمان بەدیدو ناوەڕۆکێکی ڕەخنەگرانەوە لەدایکدەبێت. ڕەخنەگرتن لە دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و ئەو عەقڵییەتە دۆگمایانەی لە دیدێکی تەسکبینەوە لە جیهان و ژیان دەڕوانن فەزای نێو ڕۆمانی مەسەلەی ویژدان دادەپۆشن و ئەدیب لە نێو ڕۆمانەکەیدا ئەو ئازارو نەهامەتی و گرفتانە دەخاتەڕو، کە جەستەو ڕۆحیەتی کۆمەڵگەی کوردییان وێران کردوە. چونکە تا ئەو ساتەوەختە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی شەکەت و ماندو بوە بە دەست ئاریشە جیاوازەکانەوە، تێکڕای ئەم گرفتانەش لە ئەنجامی ساویلکەیی و خۆشباوەڕی عەقڵییەتی تاک و غیابی بیرکردنەوەو ناهۆشیارییەوە لە بەرامبەر خۆی و دەوروبەریدا سەریانهەڵداوەو بەردەوامییان هەبوە. دەنگی بڵندی ڕۆشنگەران لە نێو ئەدەبیاتی کوردی بەتایبەتی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لەلایەن دەستەبژێرێکی ڕۆشنگەرەوە بەردەوامی بەخۆی دەدات و لەسەر تێکڕای ئەو پرسانە دێتە دەنگ کە پێویستە نەتەوەی کوردیش وەک تەواوی نەتەوە ئازادەکانی دنیا خاوەنی بێت.

شاکر فەتاح یەکێکی دیکە لەو دەنگە دیارو مرۆڤدۆست و ڕۆشنگەرانەی نێو کایەی ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی کوردییە، کە تا هەشتاکانی سەدەی بیستەم بوێرانە نوکی خامەکەی لەپێناو هۆشیاری و ئازادی و یەکسانی تاکەکانی کۆمەڵگەدا بەگەڕخست، "یەکێک لەو پرۆژە تاکەکەسییە ڕۆشنگەرانەی شاکر فەتاح بە ئەنجامی گەیاند پرۆژەیەک بو لە ژێر ناوی پرۆژەی خوێندەواری کورد، کە ئامانج لێی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و ڕۆشنکردنەوەی هزری تاکی کوردی بو لە ڕێگەی وەرگێڕان و نوسین و بڵاوکردنەوەی چەندین بابەتی جۆراوجۆری ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و دەرونناسی و کۆمەڵناسی، لە هەمان کاتدا ئاشناکردنی خوێندەوارانی کورد بو بە هزری فەیلەسوف و بیرمەندو ڕوناکبیرانی ڕۆژئاواو ڕۆشنگەرانی جیهانی عەرەبی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper9

وەک سوکرات- ئەفلاتون – ئەرستۆ – هۆراس- دانتی – ماکیاڤیللی- ڕۆسۆ- ڤۆلتێر – سەلامە موسا – جەمال الدینی ئەفغانی و چەندانی دیکە. سەرەتای دەسپێکی ئەم پرۆژە ڕۆشنگەرییە لە ساڵی ١٩٢٧وە دەستپێکرد بۆ ساڵی ١٩٨٤ "(فەتاح، ٢٠٠٣، ٣٨).

جەختکردنەوە لەسەر بەهاو پرسە ڕۆشنگەرییەکان لەم قۆناغەدا مانای بەئاگایی و توانای بیرکردنەوەی لای ئەم ئەدیب و ڕۆشنگەرانە دەگەیاند. کە توانیویانە جوڵەیەکی هزری و ڕۆشنبیری لە نێو پانتایی ئەدەبیاتی کوردیدا بهێننە ئاراوە. هەربۆیە ئەدیب و شاعیرانی کورد لە ڕێگەی تێکستەکانیانەوە پەیامی یەکگرتویی و ئازادیی و وەستانەوە دژی ستەمکاری و ژێر دەستەیی بە کۆمەڵگە دەگەیەنن و بەمافەکانیان ئاشنایان دەکەن. بەگشتی لە نێو ئەدەبیاتی کوردی ئەم قۆناغەدا پانتایی و دیدێکی فراوانی پەروەردەیی و زانستپەروەری و ڕەخنەگرانە دەبینرێن "ڕەخنە لە دین و پیاوانی دین، ڕەخنە لە خورافاتی کۆمەڵایەتی و پرۆژەی گێلکردنی بەردەوامی کۆمەڵگە، بەرگریکردنێکی بەردەوام لە عەقڵانیەت و بیرکردنەوەی سەربەخۆ، ڕەخنە لە کۆمەڵگە خۆشی وەک یەکەیەکی دواکەوتو، وەک سەرزەمینی پەیوەندیی نایەکسانی پڕ چەپاندن و بێمافکردن، ڕەخنە لە ئەخلاق وەک هێزێک بۆ بە بچوک بینینی مرۆڤ، بۆ بێماف کردن و قێزەونکردنی ڕەگەزی مێ" (قانع، ٢٠١٥، ١٧٦) .

لەگەڵ ئەوەشدا شاعیرانی وەک گۆران، دیلان و کامەران موکری و کاکەی فەللاح بون، کە لە نێو دەقەکانیاندا چەمکەکانی سەربەستی و ئازادی و شۆڕشگێری و خەبات کردن بۆ یەکسانی بەدیدەکرا، هەرچەندە ئەم شاعیرانە زیاتر خاوەن دیدو هزرێکی مارکسییانە بون و بەشێک لە ناوەڕۆکی دەقەکانیشیان گوزارشت بو لە دیدی ڕۆشنگەرانە ، بۆیە ڕۆشنگەری لای ئەمان پەیوەستی ئایدۆلۆژیای مارکسیزم بو، کە زیاتر لە دوای جەنگی دوەمی جیهانییەوە وەک ڕەوتێکی هزری لە نێو توێژی خوێندەوارو ڕۆشنبیراندا بڵاوبۆوەو تەنانەت زۆرجار بەرزیی ئاستی ڕۆشنبیری تاک لەڕێگەی پابەندبون و پشتیوانی ئەم ئایدۆلۆژیایەوە دەپێورا، بەشێک لە شاعیرانی کورد دەستەبەرکردنی خەون و هیواکانی میللەتیان لە نێو ئەم بیروباوەڕەدا دەبینییەوە، بەتایبەتی لەڕوی ئەو مۆرکە ڕەخنەگرانەیەی هەڵگری بو، کە لەگەڵ واقیعی سەردەمەکەدا هاوئاهەنگ بو و پێداویستییەکانی سەردەمەکەی پردەکردەوە، هەروەها بەرگریکردن لە چینی چەوساوەو جوتیاران و خستنەڕوی نەهەماتی گەلە ژێر دەستەو چەوساوەکانی دنیا، هەندێ جاریش هەر ئەم شاعیرانە بەرەو مەسەلە نەتەوەییەکان دەچون بەتایبەتی لە شیعرەکانی دیلاندا هەردو ڕەوتەکە بەدیدەکرێ.

دەتوانین بڵێین لە ساڵانی شەستەکان بەدواوە دۆخەکە دەچێتە قۆناغێکی دیکەوەو گۆڕانکاری بەسەردا دێت "ڕەگەکانی ئەم گۆڕانە لەناو زەمینەی ئەو واقیعە پۆست کۆلۆنیالییەدایە کە دێتەکایەوە. لەم قۆناغەدا کۆمەڵگەی کوردی دەکەوێتە بەر هێرشی ڕاستەوخۆی ئەو دەوڵەتە پۆست کۆلۆنیالە تازەڕزگاربوەی لە عێراقدا دروست دەبێت و وەڵامی سیاسی هێزە کوردییەکانیش بەم پەلامارە ڕوبەڕوبونەوەی چەکدارانەیە" (قانیع، ٢٠٠٤، ١٣٥). کە لە دواجاردا کاریگەریی لەسەر بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبیات جێدەهێڵێ و مۆرکێکی جێگیرو نەگۆڕی پێدەبەخشێ، بە جۆرێک ئەم ماوەیە لەڕوی ڕۆشنبیری و بڵاوکراوەوە کزترین و لاوازترین ماوە بوە، هەروەک شێرکۆ بێکەس لەبارەی جموجۆڵی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی شەستەکانەوە دەڵێ "لەشەستەکاندا ئەدەبی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper9

کوردی لە دوای گۆران زۆر چەقیبو، دیارە ئەوەش پەیوەندی زۆری هەبوە بە نەبونی ئازادییەوە، ڕۆژنامەو گۆڤار نەبو، جاروبار گۆڤاری ڕاپەڕین لە سلێمانی دەردەچو دەوەستا" ( بێکەس، ٢٠٠٨، ٤١).

بەم شێوەیە بارودۆخی کۆمەڵگەی کوردی پاش ساڵانی ١٩٦١ بەدواوە دیدێکی ڕەشبینانەو بێهیواییانەی بۆ شاعیرانی کورد خولقاند، ئەمەش لە ئەنجامی دروست بونی ئەو فەزا نائازادو بارودۆخە سیاسییە نائارام و ئاڵۆزەوە هاتە پێشەوە، کە تاکی کوردی لە نێویدا گیرۆدەی بوبو. ئەمەش وایکرد هزرە ڕۆشنگەرییەکە لە گەشبینی و پێشکەوتنەوە بەرەو نائومێدی و بێهیوایی و لاواندنەوەی ڕۆمانسییانەو هەندێک جاریش بەبەرگێکی شۆڕشگێرانەوە بەردەوامی بەخۆی بدات

## بەشی دوەم: ڕەنگدانەوەی ڕۆشنگەری لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩٠)

### تەوەرەی یەکەم: زەمینەی سەرهەڵدانی ڕۆشنگەری لەم قۆناغەدا

قۆناغی حەفتاکان بۆ کۆمەڵگەی کوردی دەسپێکی قۆناغێکی نوێی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری جیاواز بوە بەراورد بە قۆناغەکانی پێش خۆی، هەرچەندە سیستەمی بەرهەمهێنان و شۆڕشی پیشەسازی و دەسکەوتی زانستی و دەرکەوتنی چینێکی نوێی بۆرژوازیی خاوەن تواناو ڕوئیایەکی ڕون و گەشبینانە وەک ئەوەی لە ئەوروپا دەرکەوت لە کۆمەڵگەی کوردیدا تا ئەم ساتە وەختە بونی نەبوە، کە بتوانێت گۆڕانکاری قوڵ و ڕیشەیی بخولقێنێت و پانتایی ئازادییەکانی تاک فراوان بکات و کۆمەڵگە لە عەقڵییەتە چەقبوەستوەکان دابماڵێت و کۆتایی بە نەریتی خێڵەکی وعەشیرەتگەری بهێنێ. هەرچەندە لە پێشوتردا ئاماژەمان پێکرد، کە شاعیرانی ڕۆشنگەر لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا هەوڵێکی بوێرانەیان گرتەبەر بۆ داکۆکیکردن لە گرنگیدان بە خوێندنی سەردەمیانەو کردنەوەی قوتابخانەو کارکردن بۆ گۆڕینی دیدو ڕوانینی کۆمەڵگە لە بارەی دیاردەو نەریتە کۆمەڵایەتییە کۆنەپەرستەکانەوە، ئەم وەرچەرخانە لەبیرکردنەوەدا لەنێو واقیعە کۆمەڵایەتییەکەدا کاریگەرییەکی سنورداری دروست کرد. ئەو ڕێگایەی ئەم شاعیرانە بۆ ڕۆشنکردنەوەو گۆڕانکاری و هۆشیاری کۆمەڵگە گرتیانەبەر لە حەفتاکان بەدواوە بەبەرگ و ڕوخسارێکی نوێوەو دەنگێکی بڵندترو یاخیترەوە بەردەوامی بەخۆیدا، نەوەیەک لە شاعیرانی ڕۆشنگەر دەرکەوتن، کە خەمی سەرەکییان نوێبونەوەو نۆژەنکردنەوەی ئەدەب بو لە بەرگێکی ڕۆشنگەرانەدا، دیارترین ئەو هۆکارانەی لەم قۆناغەدا ڕۆڵیان لە دەرکەوتنی دەنگی شاعیرانی ڕۆشنگەردا بینی ئەمانەی خوارەوە بون:

١- ئەو دۆخە مێژوییەی تاکی کورد لە نێویدا بوە بەدرێژایی مێژو دۆخێکی پڕ لە کێشەو گرفت و ئاڵۆزی و هەڵبەزو دابەز بوە، لەم قۆناغەدا سەختی دۆخەکە پێ دەنێتە ئاستێکی نوێوە و کۆمەڵگەی کوردی لەم نێوەندەدا ڕوبەڕوی چەندین کارەساتی تراژیدی و نامرۆڤانە دەبێتەوە وەک کارەساتی ئەنفال و کیمیاباران و چەندانی دیکە، ئەو نەوە تازانەی نێو کایەی ڕۆشنبیری کوردی، کە لەسەرەتای حەفتاکانەوە دەرکەوتن لەنێو فەزاو ژینگەیەکی ئاڵۆزو پڕ لەترس و نائومێدییەوە هاتنە نێو بواری نوسینەوە. "بۆ نمونە ڕاگواستن و بەعەرەبکردن دو کردەی سیاسی قێزەونی ڕژێمی عێراقی ئەوکاتە بون کە بەرامبەر بە گەلی کورد ئەنجامی داون، ئەم دو



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper9

کردەیە لە ڕوی مێژوییەوە بۆ زەمەنێکی دورتر دەگەڕێنەوە کە دوژمنانی کورد بەرامبەر گەلی کورد جێبەجێیان کردون، بەڵام لەم قۆناغەدا دەگاتە لوتکە" (میرە، ٢٠١٢، ٧٤)، ئەم بارودۆخە سەختە مێژوییە ئەدیب و شاعیرانی لە هەوڵدان بۆ ڕۆشنکردنەوەی هزری تاک و بەگژداچونەوەی بیرۆکە دۆگماکان و ڕوبەڕوبونەوەی نادادی و نایەکسانی و ژێردەستەیی زیاتر چڕکردەوە.

٢- شاعیرانی هاوچەرخ لەم قۆناغەداو لە نێو ئەو دۆخە سەختە مێژوییەی تێیدا بون بە پەرۆشەوە هەنگاویاناوە بۆ نوێکردنەوەی ئەدەب و ڕزگارکردنی ئەدەب لەو چەقبەستوییەی لە کۆتایی پەنجاکان بەدواوە ڕوی لە کایەی ڕۆشنبیری کوردی کردبو، لە هەوڵی دەوڵەمەندکردنی ئەزمون و سەرچاوەی مەعریفی نوێ و بنیاتنانی گروپ و بزوتنەوەی نوێخوازیدا بون و بۆ ئەم مەبەستە لەسەرەتای حەفتاکانەوە ئەم ویستی گۆڕانکاری و جوڵەیە لە نێو هەناوی ئەدیب و شاعیرانەوە سەرچاوەی گرت و لە دواجاردا هەوڵەکانیان کاریگەری لەسەر بوژاندنەوەو جوڵاندنی باری ڕۆشنبیری دروست کرد. لەم بارەیەوە کەریم دەشتی دەڵێ: "هەمو ئەو گروپ و گروپکارییەی بەر لە ڕاپەڕین هەبو، کاریگەری خۆیان هەبوە، چونکە ئەو سەردەمە نوسەران و نەوەی تازە بایەخیان بە خوێندنەوە دەداو بازاڕی ئەدەب و ڕۆشنبیری گەرم بو، هەروەها ئەدەب و ڕۆشنبیری ببوە پەنجەرەیەک بۆ ئاشکراکردنی داهێنانەکان لە ڕوی زمان و شێوازو تیمەو فۆرم و ناوەڕۆکەوە، گەنجەکان دەپەرژانە سەرخۆ بەهێزکردن لەم بابەتانەداو هەمیشە بەدوای ئەو بەرهەمانەدا دەچون کە نەوەی پێش خۆیان بۆ ئەوانی بەرهەم هێنابو" (دەشتی، ٢٠١٢، ٦٢).

٣- پشت بەستن و ڕوکردنە سەرچاوەی دەرەکی، لە ڕوی ڕۆشنبیرییەوە سەرچاوەی ڕۆشنبیری دەرەکیی شاعیرانی کورد لەم قۆناغەدا زیاتر سودوەرگرتن و پشت بەستن بو بە سەرچاوەو زمانی عەرەبی، واتە زمانی عەرەبی تاکە دەروازەی گرنگی شاعیرانی کوردبو بۆ تێگەیشتن لە هزرە نوێیەکان و ئاگاداربون لەو جموجۆڵە ڕۆشنبیریی و ئەدەبییانەی لە جیهان و ناوچەکەدا هەبون. ئەدەبی نوێی عەرەبی و ڕۆشنگەرانی عەرەب کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر شاعیرانی ئەم قۆناغە جێهێشت.

لەهەمان کاتدا کاریگەری تەوژم و هزری فەیلەسوفە ڕۆژئاواییەکان و ڕێبازە نوێیەکانی ئەدەب وەک سیمبولیزم و دادایزم و سوریالیزم لەسەر شاعیرانی هاوچەرخ هەر لە ڕێگەی ڕۆشنبیری عەرەبییەوە بوە، بەتایبەتی کاریگەریی فەلسەفەی بونگەرایی، کە بنەماکانی لەسەر هزرێکی ڕۆشنگەرانە هەڵچنرابو، کاریگەری لەسەر هزری شاعیرانی هاوچەرخ جێهێشت "بونگەراکان هەمیشە بزوتنەوەی ڕۆشنگەرایی دەکەنە ئەو ئامرازەی کە مرۆڤ لە چەق بەستن و دەستەوەستانی و ملکەچی و گیرخواردنەوە دەردەهێنێت و دەیخاتە سەر ئەو ڕێگایەی کە هەبونی خۆی بەدەستی خۆی دیاریبکات" ( قەرەداخی، ٢٠٠٦، ٢٤ ).

٤- دامەزراندنی یانەو کۆمەڵە و دەزگا ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان. لەم قۆناغەدا چەندین ناوەندی ڕۆشنبیری و ئەدەبی سەریانهەڵدا، کە بونە مەڵبەندێکی کارا بۆ ئاڵوگۆڕی هزری و ئەدەبی و ئاشنابون بە بیرۆکەو چەمکی نوێ. یەکێک لەو ناوەندە ئەکادیمیانە کۆڕی زانیاری کورد بو کە، لە پاش بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ ڕۆشنبیرانی کورد لە پێناو خزمەتکردن بە کلتورو ڕۆشنبیریی و زمانی کوردی دایانمەزراند، کە بوە ناوەندێکی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper9

گرنگیش بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. یەکێک لەو بەرهەمە بڵاوکراوانە دەرکردنی گۆڤارێک بو لە ژێر ناوی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد لە ساڵی ١٩٧٣دا ڕوناکبیرانی وەک مەسعود محەمەدو ئەوڕەحمانی حاجی مارف و تۆفیق وەهبی و شێخ محەمەدی خاڵ و چەندانی دیکە لە ڕێگەی وتارو نوسینەکانیانەوە لاپەڕەی گۆڤارەکەیان دەوڵەمەندتر و بەپێزتر کرد. لەهەمان کاتدا یەکێتی نوسەرانی کورد و کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد یەکێک لەو نێوەندە ڕۆشنبیرییە گرنگانە بون کە نوسەران و ڕۆشنبیران لە ڕێگەیەوە بیروڕای نوێیان ئاڵوگۆڕ دەکرد.

ڕەفیق سابیر لە بارەی گرنگی ئەم دو کۆمەڵەیە بۆ ئەو قۆناغ و سەردەمە دەڵێت: یەکێتی نوسەرانی کوردو کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی لەبەغدا دو ماڵی ڕوناکبیری و دو شوێنی گرنگ بون بۆ کۆبونەوەو یەکتربینینی نوسەران. لە هەمان کاتدا دو سەنتەری باشبون بۆ ڕێکخستنی کۆڕو سیمینارو چالاکی ئەدەبی و ڕوناکبیری، ئەو دو دەزگایە ڕۆڵی گرنگیان لەو سەردەمەدا بینی، بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٧٤ بەدواوە، کە فشاری سیاسی بۆ سەر کورد زیادی کرد (غەفور، ٢٠٢١، ٤٦).

٥- "دەرچونی چەندین ڕۆژنامەو گۆڤار بەزمانی کوردی لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان بەتایبەتی لە شاری بەغداد" (میرە، ٢٠١٢، ٧٧)، کە دەروازەیەکی باشی بۆ گرنگیدان بە ڕەخنەی ئەدەبی و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی نوێی شاعیران و نوسەران کردەوەو لە ڕێگەیانەوە شیعرو چیرۆک و بابەتی نوێ و وەرگێڕاویان بڵاودەکردەوە. دیارترین ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیش بریتیبون لە هاوکاری، ڕوانگە، نوسەری کورد، نوسەری نوێ، ڕۆشنبیری نوێ، بەیان، بیری نوێ...

## تەوەرەی دوەم: کاریگەریی ڕۆشنگەری لە وابەستەبونی ئەدەب بە کۆمەڵگەوە

یەکێک لەو پرسانەی بەدرێژایی مێژو هزری فەیلەسوف و ئەدیبانی سەرقاڵ کردوە گفتوگۆکردن بوە لەسەر چییەتی ئەدەب و چۆنێتی کاریگەری و ڕۆڵی ئەدەب لە نێو کۆمەڵگەدا بەوەی ئایا ئەدەب تەنیا چالاکییەکی خودی و ئیستاتیکی ڕوتە؟ یاخود ئەرکی ئەدەب ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و وروژاندنی پرسە سەردەمییەکان و لەخۆگرتنی هزرە مرۆڤایەتییەکان و ئەو واقیع و دۆخە مێژوییەیە کە تێیدایە؟ ئایا ئەدەب دەتوانێت واقیع بگۆڕێت؟.

ڕوناکبیری سوری هاشم ساڵح مەسەلەی پابەندبون و وابەستەبون بە بابەتێکی گرنگ لە قەڵەم دەدات، بە پێچەوانەی ئەو بۆچونانەی پێیان وایە پابەندبون خەیاڵ و هزری شاعیر زیندانی و بەند دەکات و وای دەبینێ ئەدەب و واقیع پەیوەندییەکی توندوتۆڵ پێکەوەیان دەبەستێتەوە بەوەی، کە ئەدەب هەوڵی وروژاندنی ئەو گرفتانە دەدات، کە خزمەت بە بونیاتنانەوەی واقیعێکی باشتر دەکەن، تێکڕای ڕۆشنبیرو ئەدیبە مەزنەکان لە مێژودا ئەوانە بون هزریان بە واقیع و پرسە مرۆڤایەتییەکانەوە ماندو و سەرقاڵ بوە، لەم ڕوەوە دەڵێت: "هیچ ڕۆشنبیرێکی گەورە لە مێژودا نەبوە، کە مولتەزیم نەبوبێت بەکێشەیەکەوە، کە خزمەتی مرۆڤایەتی کردبێت، بە جۆرێک لە جۆرەکان لەگەڵیدا بوە یان هاوسۆزی بوە، فارابی باسی لە شاری چاک کردوە، ئیبنو ڕوشد باشترین ئاشتەوایی پێشکەش کردوە لەنێوان عەقڵ و ئاین لە سەردەمی خۆیدا، موعەری بەتوندی ڕەخنەی گرتوەو زۆرێک لە بلیمەتەکان ڕەخنەیان گرتوە لەو ئەفسانەو بیروباوەڕە دۆگمایانەی کە لەسەردەمەکەیاندا کۆنترۆڵی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper9

بیری خەڵکیان کردوە، تەها حوسێن وتویەتی فێربونی سەربەخۆو ڕۆشنبیرانە مافی هەمو کەسێکە..."(سالح، ٢٠١٢: ١٧٨).

ڕۆشنگەری وەک پرۆسەیەکی هزری لە بنەڕەتدا لەسەر ئەو کۆڵەکەیە بونیاتنراوە، کە واقعبینانە لە نێو پرسە سەردەمییەکاندا دەتوێتەوەو بەدوای نوێبونەوەی ژیان و لابردنی ئەو چاویلکە لێڵەدایە، کە تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەیەوە ژیانی پێدەبینن. یەکێک لەو کایە گرنگانەی ڕۆشنگەری خۆگونجاندنی تەواوی لەگەڵدا هەیە کایەی ئەدەبە، ئەدەب باشترین کایەو بواری هزرییە، کە ئەدیبی ڕۆشنگەر لە ڕێگەی زمانەوە پەیامی ڕۆشنگەرانەی بە گوێی جیهاندا دەدا بەبێ لەدەستدانی ئەو بەها هونەرییانەی ئەدەبییەتی ئەدەب دەخولقێنن، چونکە لە زۆربەی کاتدا ئەدەب سەرچاوەی بەدەستهێنانی جوانی و چێژو ئارامی ڕۆحییە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئایدیاو هزرانەی لە نێو کرۆکی ئەدەبدا هەن گەرهاتو ئایدیاو هزرە ڕۆشنگەرو مرۆڤایەتییەکان بون یاخود بونە مایەی دروستکردنی پرسیارو چالاکی بیرکردنەوە، ئەوا کاریگەریی گەورە لە نێو فەزای گشتیدا جێدەهێڵێن بەتایبەتی لە نێو ئەو کۆمەڵگانەی، کە تینوی ئازادی و یەکسانی و دۆزینەوەی شوناسی ڕاستەقینەن.

ڕۆشنگەرانی فەرەنسی بەتایبەتی مۆنتیسکۆو ڤۆڵتێر سەرباری پسپۆرییان لە بواری یاساو مێژو سیاسەتدا لەهەمان کاتدا ئەدەبیان کردبوە ئەو دەروازەیەی لەڕێگەیەوە گۆڕانکاری لەدیدو ڕوانینی خەڵکە گشتییەکەدا بخولقێنن، بۆیە لە نێو دەقە ئەدەبییەکانیاندا دژایەتی دەسەڵاتی گەندەڵ و ستەمکارو نادادیی کۆمەڵایەتی و دەمارگیریی ئایینیان دەکردو هەوڵی هەڵتەکاندنی ئەو واقیعەیان دەدا، کە ئازارو نەهامەتی بۆ بەشێکی زۆری کۆمەڵگە بەدیهێنابو. کەواتە هەریەکێک لەو بنەمایانەی ڕۆشنگەری جەختی لەسەر دەکاتەوە زادەی هزرو ناخی ئەو مرۆڤە ڕۆشنگەرانەن، کە بە هۆشیارییەکی فراوان و عەقڵییەتێکی کراوەی ڕەخنەگرانەوە دەست لەسەر زامەکان دادەنێن و بەرپەرچی ئەو هزرە دۆگمایانە دەدەنەوە، کە دژی لێبوردەیی و ئاشتی و ئازادین. کەواتە ئەدەب "هێزێکە توانای ڕێکخستن، تێکدان، نمایشکردن، شاردنەوە، ڕەفزکردن، سەلماندن، قەناعەتپێهێنان، بریندارکردن ...هەیە. ئەدەب هەم دەتوانێت بمانکات بەبەشێک لەدونیاو هەم دەتوانێت لە دونیامان دوربخاتەوە، هەم دەتوانێت بمانباتە ناو دڵی ڕوداوەکانەوە و هەم دەشتوانێت بە تەواوی غائیبمان بکات، هەم دەتوانێت هاریکارمان بێت لە دروستکردنی خۆمان و دروستکردنی دنیادا، بەڵام دەشتوانێت وزەیەک بێت بۆ ئیفلیجکردن، دەتوانێت پڕمان بکات لە حەماسەت بەرامبەر بەژیان و بەرامبەر بەدونیا، بەڵام دەشتوانێت بێئومێدمان بکات و بمانکات بەبونەوەرێکی خەمۆک"( قانیع، ٢٠١٥، ٥).

کاتێک لە ئەدەبیاتی کوردی پاش حەفتاکان ورد دەبینەوە ئەوا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە یاخود واقیعدا دەدۆزینەوەو خوێنەر لەڕێگەی تێکستە شیعرییەکانەوە ئاشنای مێژوی نەتەوەکەی دەبێت. یاخود زۆرجار لەنێو هەناوی دەقە ئەدەبییەکانەوە بۆن و بەرامەی یاخیبون بەدیدەکەین، چونکە شاعیر دەستەوەستان لەبەرامبەر ڕوداو و دیاردەکاندا ناوەستێت، بەڵکو هەوڵی ڕەتکردنەوەی ئەو واقیعە باوە دەدات لەپێناو دروستکردنەوەی دنیایەکی باشترو جوانتردا و خاوەن دنیابینییەکی ڕۆشن و نوێیە، کە لە دواجاردا ئەم جیاوازییە لە دیدو بۆچوندا دەیکاتە خاوەن ڕوانینێکی نوێخواز لە چنینی زمان و گەیاندنی بیرۆکەکاندا. لەم



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper9

ڕووەوە تێكستە ئەدەبییەكانی (جەلالی میرزا كەریم، شێركۆ بێكەس، عەبدوڵڵا پەشێو، نەوزاد ڕەفعەت، ڕەفیق سابیر، فەرهاد شاكەلی، دڵشاد مەریوانی...) نمونەیەكن لەو ئەدیب و شاعیرە ڕۆشنگەرانەی كەبە ڕۆحییەتێكی داهێنەرانەو مرۆڤدۆستانەوە دەستنیشانی زام و ئازارەكانی مرۆڤی كورد دەكەن و هیوای ڕزگاری و سەربەخۆیی و ئازادی لە قوڵایی نائومێدییەكانەوە بەدیدەكرێت. چونكە ئەدەبی ڕاستەقینە ئەو ئەدەبەیە، كە هزری تاكەكان دەجوڵێنێت و لە ڕەتكردنەوەی دیاردە نەریتی و باوەكانەوە بەرەو بنیاتنانی جیهانێكی نوێ ئاڕاستەیان دەكات.

ئەم ئەدیبانە بەشدارییەكی فراوانیان لە دروستكردنی جوڵەیەكی ئەدەبی و كلتوریی، لە هەمان كاتدا هۆشیارییەكی نوێ لە نێو ئەدەبیاتی كوردی پاش حەفتاكاندا كرد، توانیویانە بەرپرسیارانە بەرامبەر ئاریشەی كۆمەڵگەیەكی نائازاد و نەتەوەیەكی ژێردەست و چەوساوە مامەڵە بكەن. ڕۆشنگەران پانتایی هزری ڕەخنەییان لە نێو كۆمەڵگەدا فراوانتر كرد، بابەتەكانی ڕەخنەی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئاینی ئەو مەبەستە گرنگانە بون، كە ئەدیبان لە قاڵب و فۆرمی جیاوازی ئەدەبیدا لەبارەیەوە دواون، لەم ڕووەوە دیارترین ئەو بەها ڕۆشنگەرییانەی لەشیعری هاوچەرخدا خراونەتەڕو ئەمانەبون:

### هۆشیاری :

هۆشیاری بنەمایەكی سەرەكیی ڕۆشنگەرییە، ڕۆشنگەری بەر لەوەی پرسەكانی ئازادی و یەكسانی و پێشكەوتن بێنێتە بەرباس، لەبارەی هۆشیارییەوە دواوە، چونكە یەكەمین بنەمایە بۆ ناسینی خودی مرۆڤەكان و دواتر ئەو جیهانەی تێیدان. مرۆڤ گەر هۆشیار بو بە خودی خۆی، لەو دۆخەش تێدەگات كە لەنێویدایە، گەر چەوساوە و ژێردەستە بو، درك بەو ئەزمونە دەكات كە پێیدا گوزەر دەكات، بۆیە زەینی هۆشیارانەی لە بارەی هەلومەرجەكانەوە بەئاگا دێتەوەو بەئاسانی ناكەوێتە ژێر باری دیاردەو ڕوداوەكانی دەورووبەرەوە. شاعیری هۆشیارو ڕۆشنگەر شاعیرێكە بیردەكاتەوەو تێدەفكرێ، لە هەمان كاتدا هەست و ڕوانین و تێگەیشتنەكانی هەماهەنگی لە بەرەو پێشچونی ڕامان و بیركردنەوەكانیدا دەكەن، چونكە هۆشیاری "ناسین و زانینە، هەست پێكردن و تێگەیشتنە دەربارەی دەورووبەر ... مرۆڤ بەهۆی ژیری و هەستەكانییەوە خۆی ودەورووبەرەكەی ئەناسێت و تێیان ئەگات، بینراو و بیستراو، هەستپێكراو خەیاڵ لێكراو، تۆمارو بەرجەستە ئەبن لە مێشكدا" (صادق، ١٩٨٧، ١٠). ئامانجی سەرەكیی ڕۆشنگەریش گرتنەبەری ئەو ئەركە گرنگەیە، كە پێمان دەڵێت هۆشیارو بەئاگابن. عەقڵییەتی ڕۆشنگەر ئەو عەقڵییەتەیە كە دەیەوێت گۆمە مەنگ و وەستاوەكان بشڵەقێنێت، جوڵەو چالاكی و ژیانەوە بخاتە نێو درزو كەلێنە تاریك و تەنگەبەرەكانەوەو بینینەكان بەرەو قوڵایی و بیركردنەوەكان لە تاریكییەوە بەرەو جیهانی ڕۆشنایی و هەمەڕەنگی و فرەیی ئاڕاستەبكات، سەهۆڵبەندانی هزرە دۆگماو چەقبەستوەكان تێكبشكێنێ، چونكە "دۆگماتیزم چەند مانای ئیفلیجكردنی عەقڵ و داخستنی دەرگاكانە لەبەردەم بەرهەمهێنانی زانیارییەكی ڕاستەقینەدا بەرامبەر بەجیهان، ئاواش مانای ڕێگرتنە لەبەردەم دروستبونی ئەخلاقێكدا كە بەرپرسیارانە لە ئینسان وكۆمەڵگەو جیهان بڕوانێت، لێرەوەیە كە دۆگماتیزم و سادەگۆیی دوژمنی هەرەسەرەكی ڕۆشنگەرین" (قانیع، ٢٠٠٤، ١٠).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper9

ڕەفیق سابیر لە شیعری (ئادگار)دا کە دەقێکی شیعری کورتە ویستی گۆڕانکاری لە هزرو ناخییەوە بەرامبەر ئەو جیهانە مەنگە سەر هەڵدەدات، کە تێیدا تاریکاییەکان ڕوناکی و جوانییەکانیان شاردۆتەوە، یەقینەکان جێگەیان بۆ بونی پرسیارو گومانەکان نەهێشتۆتەوە، سنوربەندی و داخراویی و نەگۆڕیی و خامۆشی و بێدەنگییەکان کۆتاییان بە جیاوازی و هاوارەکان هێناوە، ئەم ویستی نوێبونەوەو ژیاندنەوەیە ویستێکە کە تەنیا لە هزری شاعیرە هۆشیارەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە مرۆڤی هۆشیار بەدیدی پرسیارئامێزو گومانگەراییەوە بەرەو شیکردنەوەو لێکدانەوەی پرسەکان هەنگاو دەنێت بۆ گەیشتنە دڵنیایی و یەقین، لە کاتێکدا مرۆڤە نائاگاکان لە ڕێگەی هێزەکانی سەرو خۆیان، یاخود کەسانی دیکەوە بێ پرسیارکردن و هەڵکۆڵین و شیکردنەوەی دۆخەکان یەقینرێژکراون لە ڕێگەی چەسپاندنی چەندین باوەڕی دەرەکییەوە:

ئامێز دەدەم لە بارانی بێکۆتایی و

دەبم بە دڵداری ڕوبار

گەردون بە گوڵوک دەتەنم

شەو: بەبەیان

یەقین: بەپرسیارو گومان

شاری خامۆشان بە هاوار

ئامێز دەدەم لە بارانی بێکۆتایی و

بروسکە دەکەم بە ئادگار (سابیر، ٢٠١٣، ٨٩)

جەلالی میرزا کەریم لە دەقێکدا بەناونیشانی( پرسیار بۆ هاتنی گۆدۆ) دا ئەو پرسیارانە دەوروژێنێت کە پەیوەستن بە هۆشیاری تاک و دواتر نەتەوەوە، بەوەی گەر بمانەوێت گۆڕانکاری بخولقێنین ئەوا دەبێت لە دەرەوەماندا چاوەڕێی گۆڕانکاری بکەین؟ بەوەی فریادڕەسێک لە شێوەی کەسێک یان خودادا لە چرکە ساتێکدا بێت و ڕزگارمان بکات؟ ئایا دەکرێت تا چەندێک لەم چاوەڕوانییەدا بمێنینەوە؟ یاخود گۆڕانکاری لە هزرو بیروباوەڕو ناوەوەی مرۆڤەکانەوە سەرچاوە دەگرێت؟

هاوڕێکانم

هاتنی گۆدۆی هاوڕێمان

بیری ئەوێ

خوێنی ئەوێ

وتەو کرداری نوێی ئەوێ

قوربانی (کاروانی وشەی ڕاچەنیو)ی

ئەمرۆی ئەوێ

شیکردنەوەی کلافەیەک

ژانی تورەی ئێمەی ئەوێ



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper9

ڕۆژژمێری سوتێنراوی

ئازاری پێشمەرگەی ئەویٚ

هەڵهاتنی خۆرێکی یاخیبوی ئەویٚ (کەریم، ١٩٧١، ٨٧)

شانۆنامەی (لەچاوەڕانی گۆدۆ)دا یەکێک لەکارە ناوازەکانی ئەدیب و ڕەخنەگری ئێرلەندی سامۆئیل بیکیتە، کە تیایدا وێنەی ئەو مرۆڤە ناهۆشیارانە دەکێشێت، کە نایانەوێت بیربکەنەوەو هەمو ژیانیان لە چاوەڕوانی هاتنی ئەوانی دیدا بەڕێدەکەن تابێن و نەخشەی ژیانیان بگۆڕن، لەکاتێکدا ئەو کاتەی لە چاوەڕوانییەکانی هاتنی ئەواندا بەڕێیدەکەن دەتوانن خودی خۆیان زۆر کاری جوانتر بۆ ژیانێکی باشترو نوێتر بەدیبهێنن، بۆیە گۆدۆ هەرگیز ناگات و کارەکتەرەکانیش لە چاوەڕوانییەکی تاهەتایی دا دەمێننەوە، بۆیە شاعیر بەئاگاو هۆشیارە لە بارەی ئەو دۆخ و هەلومەرجەی تێیدایە، لەوە دڵنیایە کە هەرگیز گۆدۆ ناگات، بۆیە ڕوبەڕوی ئەو کەسانە دەوەستێتەوە کە ویستی گۆڕانکارییەکان لە دەرەوەی خۆیان دەبینن و پێیان دەڵێت بۆ ئەوەی خۆمان ڕزگاربکەین پێویستمان بەهاتنی گۆدۆ نییە، کە لە نێو چاوەڕوانی و چەقبەستویی و مانەوە لە زیندانێکی نادیاردا بمانهێڵێتەوە، کە نازانین کۆتاییەکەی بەچی دەگات و چۆن دەبێت، بەڵکو شڵەقاندنی دۆخ و دروستکردنی دنیای نویٚ پێویستی بە جوڵاندنی هزرە، کرداری نویٚ و وتەی نویٚ و قوربانیدانی دەویٚ. لێرەوە شاعیر دەیەوێت ئەو ویستی بڕیاردان و بوێرییە بۆ ڕزگاربون لە نەهامەتی و ئازارەکانەوە بۆ گەیشتن بە ڕوبەری خۆشنودی و کامەرانی و خەون و هیواکان لە ناخی تاکەکانەوە دروست بکات، لەهەمان کاتدا لەو بۆچونە وەهمی و خورافییانە دەربازیان بکات، کە بڕوایان پێهێناوەو لەلایان بۆتە یەقینێکی ئەبەدی و پێیان وایە فریادڕەسەکان هەمو کات لە دەرەوە دێن و ئێمەش چاوەڕێی هاتنیانین بۆ ئەوەی ژیانمان باشتر ببێت و بگەین بەو خواستانەی دەمانەوێن، کە ڕەنگە ئەم چاوەڕوانییە سەراپای تەمەن بتەنێت و هەرگیز ئەو پەرجوە ڕونادات.

## هزری ڕەخنەیی:

ڕۆشنگەری ئەو دەروازەیەی بەڕوی ڕۆشنگەران و تاکی ئەورووپیدا کردەوە لە بەرامبەر کەموکوڕی و نادادییەکاندا بوێرانە بێنە دەنگ و بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە پرسە سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان بخەنە بەرباس و هەڵیان بسەنگێنن. ئەمەش وایکرد سەردەمەکە بەسەردەمێکی ڕەخنەگرانە بدرێتە قەڵەم، کانت لەو ڕووەوە دەڵیٚ:"ڕۆژگاری ئێمە ڕۆژگاری ڕەخنەیەو پێویستە هەمو شتێک بەر ڕەخنە بدرێت، تەنانەت قسەو باسی پیاوانی کڵێساش، ئەوانە نابێت هەر لەسەرو ڕەخنەوە بن، چونکە ئەوە مانای بەکەمگرتنی عەقڵ و کۆسپ خستنە بەردەم پێشکەوتن و پەردەپۆشکردنی هەقیقەت دەگەیەنێت. کەواتە ڕۆشنگەری مانای ئەوەیە مافی ئەوەمان هەبێت ڕەخنەبگرین، واتە دەست کراوەبین لەوەی زۆر ئازادانە عەقڵی خۆمان بەگەڕبخەین و تیۆلۆجیستەکانیش نەتوانن سنوری بۆ دابنێن" (سالح،٢٠١٢،٦٢) .

"ڕۆشنگەری قۆناغێکە کە تیایدا مرۆڤ بیٚ ئەوەی لە ژێر دەسەڵاتی کەسی دیکەدا بێت، عەقڵی خۆی وەگەڕدەخات. ڕێک لە هەمان ساتدایە ڕەخنەگرتن وەک پێویستییەک خۆی دەنوێنیٚ، چونکە ڕۆڵی ڕەخنە دیاریکردنی ئەو هەلومەرجانەیە، کە لە ژێر سایەی بەکارهێنانی عەقڵدا بۆ ئەو شتەی دەتوانریٚ بزانریٚ و ئەوەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper9

دەبێ ئەنجام بدرێ و ئەوەی ئومێدی لەسەر هەڵدەچنرێ هەقانیەت وەربگرێ. لەبەرئەوە ڕەخنە ڕێنمایی عەقڵێکە، کە لە قۆناغی ڕۆشنگەریدا گەشەی کردووە هەر لەبەر ئەو هۆیەشە فۆکۆ سەردەمی ڕۆشنگەری بەسەردەمی ڕەخنەگرتنیش ناودەبات" (لۆک، ٢٠١١، ١٠).

لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا ئەو توێژە کاریگەرەی کە درککردنێکی بەهێزترو وردبینانەتریان بەرامبەر دۆخەکان و کارکردن بۆ چەقنەبەستنی عەقڵییەتی کۆمەڵگە هەبو توێژێکی کەمینە بون ئەوانیش لەو ئەدیب و شاعیرو خوێندەوارە ڕۆشنبینانە پێکهاتبون کە ڕۆچوبونە نێو ئازارەکانی تاک و کۆمەڵگەو بۆخۆشیان پشکی ئەو گرفت و نەهامەتی و چەوساندنەوانەیان بەرکەوتبو کە هەڵقولاوی بیرکردنەوە دۆگماکان بون و بوبونە بەشێک لە حەقیقەتی ڕەهای لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا، دو پایەی گرنگ کە بونە جێگەی ڕەخنەگرتنی شاعیران ڕەخنەگرتن لە دۆخی سیاسی و کلتوری ئاینی و کۆمەڵایەتی بو.

فەرهاد شاکەلی یەکێکە لە دەنگە نوێیەکانی شیعری هاوچەرخی کوردی و لە هەندێک لە دەقەکانیدا پەیوەندییەکی پتەوی لە نێوان و ئەدەب و واقیعدا خوڵقاندوە، کە بەشێکی زۆری ئەم پەیوەندییە لەسەر ئاستی ئەو ئازار و نەهامەتییانە هەڵچنراوە کە مرۆڤی کورد لە نێویدا ژیاوە، واقیعەکەش جۆرێک لە ڕەشبینی و شکستی لە ناخی تاکدا چاندوە و وایکردوە داهاتویەکی سپی و ئاسۆیەکی گەش و خۆرێکی ڕۆشن لە ئاسۆی چاوەڕوانییەکانیدا بەدی نەکات، لەم بارەیەوە شاعیر لەڕێگەی دروستکردنی وێنەیەکی جوانی شیعریی و هەستێکی بەئاگاو هۆشیارانەی شاعیرانەیەوە تاکی کوردی وەک مرۆڤێکی نابینا وێناکردوە کە تاریکایی پێشچاوی داپۆشیوەو نوقمی نێو درک و داڵ و قوڕاوی ڕۆژگار بۆتەوەو ڕێگەی دەرچون و دەربازبونیشی لێداخراوە، لە شیعری پرۆژەی کودەتایەکی نهێنیدا بەم جۆرە ئەو دۆخەمان دەخاتە بەرچاو دەڵێت:

لە ڕومەتی ئاوێنەدا

هەنگاوەکانمان ئەبینرێن

نوقمی قوڕن،

پەلەقاژەی ڕزگاربونیان چیرۆکێکە

بۆ منداڵان ئەیلێینەوە.

لە ڕومەتی ئاوێنەدا

چاومان نییە، ئەکەوینە ناو چڵپاوی

درک و داڵ و ئاگری ڕۆژی تەماوی (شاکەلی، ٢٠١٦، ٣٦)

عەبدوڵلا پەشێو وەک شاعیرێکی ڕۆشنبیر بوێرانە و ئازادانە بەشێکی زۆری تێکستە شیعرییەکانی دواندنی ئەو مێژو و واقیعە نالەبارو پڕ ئاڵۆزییە بوە، کە میللەتەکەی لە نێویدا بوە، شاعیر لە شیعری (دوازدە وانە بۆ مناڵان)دا پەیامی شیعرییانەی ئاراستەی منداڵانی کورد دەکات و لەو مێژوە پڕ تراژیدییە ئاگاداریان دەکاتەوە، کە بەدرێژایی مێژو نەتەوەکەی تێیدا ژیاوەو ئەزمونی کردوە، بە شێوەیەکی واقعبینانە و مرۆڤدۆستانە ئازارو گرفتەکانی مرۆڤی کورد دەخاتە بەرچاو. لەم ڕووەوە بەراوردی میللەتەکەی بە گەلانی بەشخوراوی دیکەی جیهان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper9

دەكات، كە تێكڕایان بونە خاوەن ماف و سەربەخۆیی، بەڵام میللەتەكەی ئەو نەبوە خاوەنی ئەو مافانە. لەم بارەیەوە بەدیدێكی ڕەخنەگرانەوە دەستنیشانی زام و برینەكان دەكات، دەیەوێت میللەتی كوردی ژێر دەستە مافەكانی لە ئەرزی واقیعدا دەستەبەر بكات وەک تێكڕای ئەو میللەتە ستەملێكراو و چەوساوانەی بۆ ئازادی هەوڵیانداو پێی گەیشتن:

منالّەكان إ

ئەوەی دەنكە گەنمێكی چاند-

گوڵەگەنمی دروێنەكرد.

ئەوەی دڵۆپێک خوێنی چاند-

تابلۆیەكی بۆ خۆی نەخشاند.

ئەوەی تەنیا هاوارێكی لەدەم دەرچو-

گوێی لەسەدای دەنگی خۆی بو.

كەچی، ئێمە

كاسەسەرو چاو دەچێنین،

بارانی خوێن بەسەریانا دەبارێنین،

هێشتا وەرزی دروێنەشمان دیار نییە.

تا گوڵەگەنمێكی كێڵگەی

ئەو خوێنەشمان دیارنییە. ( پەشێو، ٢٠٠٨، ٢٣٤).

ئەم ڕۆحییەتە یاخییەی ئەدیبی ڕۆشنگەر ڕۆحییەتێكە بێ ترس و دودڵیی ڕوبەڕوی تەواوی ئەو واقیعە كارەساتبارو دۆخە خراپ و دابونەریتانە دەبێتەوە، كە ڕێگرن لە بەردەم پێشكەوتنی نەتەوەو كۆمەڵگەكەیدا. كەواتە ئەو هەستی بەرپرسیارێتییەی ئەدیبی ڕۆشنگەر دەیگرێتە ئەستۆی وابەستەبون و پەیوەستبونییەتی بەپرسە مرۆڤایەتی و سەردەمییەكان و ڕەهەندە جیاوازەكانی كۆمەڵگەوە، ئەو پرسانەی كە ئاسودەیی و بەختەوەریی تاكەكانی كۆمەڵگە بەدوای خۆیاندا دەهێنن. هەڵگرتنی ئەم بەرپرسیارێتییەش لە ئاكامی ئەو هۆشیاریی و ئاگاییەوە دێت، كە لە هزرو عەقڵییەتی ئەدیبەوە گەڵاڵە دەبێت و لە قوڵایی بیركردنەوەیەوە سەرچاوە دەگرێت، كاتێک بڕیار دەدات لە ژێر ئیرادەی هێزە دەرەكییەكان خۆی ڕزگار بكات و خاوەن دیدو ڕوانینی خۆی بێت و نەبێتە دیلی هێزەكانی دەرەوەی خۆی.

یەكێكی دیكە لەو دیدە ڕەخنەگرانانەی لەشیعری هاوچەرخدا ڕەنگیداوەتەوە ڕەخنەگرتن بوە لە پیاوانی ئاین و چۆنێتی مامەڵەكردنیان لەگەڵ ئایندا. لە نێو كۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەكانیشدا ئاین بەبەردەوامی یەكێک لەو پرسە گرنگانە بوە كە لەلایەن هێزە سیاسییە باڵادەستەكانەوە ئاوێتەی بەرژەوەندییە كەسی و سیاسییە جیاوازەكان كراوە، بەتایبەتی ئاینی ئیسلام "وەک ئاینێكی ئاسمانی سیستمێكی فیكری و ڕۆحی و كۆمەڵێک بۆچون و نەریت و دەستوری لەگەڵ خۆی هێنا، كە بەجۆرێكی پتەو تێكەڵی كلتورو ژیانی فیكری و ڕۆحی گەلانی بەموسڵمانبوی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper9

ناوچەکە بون، بەڵام ئیسلام لە سنوری باوەڕهێنانی تاکەکەسی و تەبشیردا نەمایەوە، بەڵکو شێوەی بزاڤێکی کۆمەڵایەتی وسیاسی وەرگرت، واتە ئیسلام بو بە ئایدۆلۆجیای بزاڤێکی سیاسی و دەوڵەت بەمەش لە سیستەمێکی میتۆلۆجی و فیکری و تێرامانی کەون و سروشتەوە گوێزرایەوە بۆ ناو واقیعێکی کۆمەڵایەتی و بو بەبەشێک لە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان" (سابیر، ٢٠١٤، ١٣). لەهەمان کاتدا ناهۆشیاری و بێئاگایی تاک و نەبونی پرسیارو دیدی ڕەخنەگرانە وایان کردوە چ داگیرکەران و چ هەندێک لە پیاوانی ئاینی لە ڕێگەی ئاینەوە بگەنە بەرژەوەندی و مەبەستەکانیان، بەتایبەتی کاتێک "دەوڵەتی عوسمانی هاتە ناوەوەو ویستی دەست بەسەر کۆمەڵگەی کوردەواریدا بکێشێ بۆی نەکرا بە ئاسانی بەم مەرامەی بگات، بەهەڵخەڵەتاندنی هەندێ مەلاو ئاشوب نانەوە لە نێوان گەورەکانی کورددا لەسەریکەوە، وەبەهێزی سوپا لەسەرێکی ترەوە، کە ناوچەیەکی داگیردەکرد خێرا سیاسەتی کەمکردنەوەی خوێندەواری و وشککردنی زانیاری و دروستکردنی دەیان تەکیەو خانەقای ئەگرتە بەر...بەر لە عوسمانییەکان بەدەگمەن تەکیەیەک یان خانەقایەک لە کوردستاندا دەست دەکەوت، بەڵام هەر کە ئەوان هاتن لەهەر قوژبنێکا شێخێکیان ڕاست کردەوەو لەهەر شارو ناوچەیەکا چەند تەکیەو خانەقایان دروست کرد" (کەریم، ٢٠٠٨، ٥٤). ئەم دیاردەیە هەر لەکۆنەوە وەک دیاردەیەکی بەرچاو ڕەنگیداوەتەوەو شاعیرانی ڕۆشنگەر هەر زو درکیان پێی کردوە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ڕوانینێکی ڕەخنەگرانەیان لە بەرامبەر نەریت و کارەکتەرە ئاینییەکاندا هەبێت. شێرکۆ بێکەس بەدیدێکی ڕەخنەگرانەوە لە بارەی پیاوانی ئاینی و ئەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەیانەوە دەدوێت، کە لەژێر ناوی خواپەرستی و ئاینداریدا ئەنجامیدەدەن، کاتێک بەرگ و ڕواڵەتە ئاینییەکان وەک دەمامکێک بۆ فێڵکردن و هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی بەکاردەهێنن و بەسوێندو بەڵێنەکانیان چەواشەیان دەکەن:

لەژێر کەشی شارەکەما

لەژێر مێزەری گەورەیا،

لە ناو قوببەی منارەیا،

ڕۆژی هەزار بەچکە ڕێوی

چاو زیت ئەزێن ..

ڕۆژی هەزار،

ڕۆژی ملیۆن

سوێندو بەڵێن،

لەتەنافی بەنگەخوێنی ئابڕوییەوە

هەڵئەواسرێن ! (بێکەس، ١٩٧١، ٥١)

یەکێکی دیکە لەو دیدە ڕەخناییانەی لە شیعری هاوچەرخدا لای شاعیرانی ڕۆشنگەر ڕەنگیداوەتەوە بەگژداچونەوەی نەریت و کلتورە چەقبەستو کۆنەپەرستەکانە، چونکە کۆمەڵگەی کوردی تا حەفتاکانی سەدەی بیستەمیش کۆمەڵگەیەک بو، کە عەقڵییەتی خێڵەکی و نەریتخوازی بەڕێوەی دەبردو زۆرجار شاعیران و ئەدیبان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper9

لە دەربڕینی بیروباوەڕە ڕۆشنەکانیاندا ڕوبەڕوی سوکایەتی و ڕەخنەی ڕوخێنەرو ڕەفتاری نەشیاو بونەتەوە لەبەرئەوەی عەقڵییەتی خێڵەکی دژی گۆڕانکارییە، دژی هەنگاونانە بەرەو ئاسۆی نوێ و تاقیکردنەوەی نوێ "مرۆڤی خێڵەکی هەر گۆڕانێک بەرەو دنیای نوێ، یاخۆ هەر بیرۆکەیەکی نوێ، کە لەودیو ڕەشماڵی خێڵەو هاتبێت، بەدەستوەردانە کاروبارو تەسککردنەوەی سنوری ئازادی و سەروەری خۆی زانیوە، ئەو ترس لە گۆڕان بە جارێ خەوی لێزڕاندوە، حەقیقەتیش ئەوەیە کە باهۆزی گۆڕانە جەوهەرییەکان لەودیو ژێریی خێڵەکانەوە هەڵدەکەن، دەنا خێڵ گۆڕینی قبوڵ نەبوە، بەڵکو بێ ئەوەی ساتێک بیری لێبکاتەوە ڕەتیکردوەتەوە، چونکە یەکێک لە پاساوەکانی خێڵ پارێزگاریکردنی شێلگیرانەیە لە خدەو نەریت و ترادسیۆنە باوەکان، کلتورێک هەرچەندە ڕزیویش بێت لەگەڵ سەردەمیشدا نەیەتەوە، ڕەوشی دنیای نوێ پوچ و بەتاڵیشی کردبێتەوە، ئەوانی خێڵەکی هێشتا هەر لەسەری مکوڕن و هەروا سوک و ئاسان نابن" (حەسەن، ٢٠٠٨، ٣٢٤)

دڵشاد مەریوانی یەکێک لەو شاعیرە ڕۆشنگەرانەیە کە بەشێکی زۆری دەقەکانی قسەکردنە لەبارەی پرسە ڕۆشنگەرییەکانەوە بەتایبەتی بەگژداچونەوەی عەقڵییەتە تەسکبین و داخراوەکان، لەگەڵ ئەوەشدا پیشاندانی ئەو نەریت و کلتورە چەقبەستوانەی عەقڵییەتی تاکیان لە نێو کۆمەڵگەدا زیندانی کردوەو ڕوبەڕوی جوانییەکان دەوەستنەوە، کە یەکێک لەو بەها جوانانە خۆشەویستییە بەشێوەیەک ئەو عەقڵییەتە خێڵەکییەی بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا زاڵە بۆتە ڕێگر لەبەردەم دەربڕینی هەست و سۆزو ناخی پڕ لەخۆشەویستی مرۆڤەکاندا، ئەوەی بەهای نەبێت و گرنگی پێنەدرێت خۆشەویستی و مرۆڤدۆستییە، بەتایبەتی ئەو هەست و سۆزە قوڵەی لە نێوان دو ڕەگەزی جیاوازدا ئاڵوگۆڕ دەکرێت:

لەم هەرێمەدا خۆشەویستی خامەو دەکرێ بەدەرپێ

خامەو تەرمی دڵدارانی تێ دەخرێ

خامەو دەسرۆکەی سەرچۆپی

لێ دروست دەکەم

لەم هەرێمەدا

خۆشەویستی گوریسەو ئاژەڵی پێدەبەستنەوە

گوریسەو گەردنی شیعری تێدەخرێ

گوریسەو دیلانێی بۆ دەسگیرانەکەم

لێدروست دەکەم (مەریوانی، ٢٠٠٩، ١٩٠)

## ئازادی:

دەتوانین بڵێین لە کۆنەوە پرسی ئازادی پەیوەندییەکی ڕاستەخۆو پتەوی بەدەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانییەوە هەبوە، چونکە ئەم پرسە لەلایەن فەرمانڕەوایانەوە لەگەڵ شێوەو جۆری حوکمڕانییەکاندا بەرگی جیاوازی بەبەردا کراوە. هەر ئەمەش وای لە فەیلەسوفی ڕۆشنگەری (کانت) کردوە "لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا مەرجی ڕۆشنگەری کارەکتەرە سیاسییەکان لە سەرو هەموانەوە دابنێت. لەم ڕووەوە کانت ستایشی پادشای ئەڵمانیا



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper9

فریدریکی گەورەی کردووەو بە پاشا ڕۆشنگەرەکە ناوی بردوە". (کانط، ٢٠٠٥، ٩٢). لەبەرئەوەی توانیویەتی فەزایەکی ئازادانە بۆ دەربڕینی بیروڕای ئازاد بخولقێنێ.

ئەدیبی ڕۆشنگەر لە ئاست پرسەکاندا هەڵوەستە دەکات و دەیانوروژێنێت و پرسیار لای خوێنەر جێدەهێڵێت. یەکێک لەو پرسانەی لای شاعیرانی هاوچەرخ ڕەنگیداوەتەوە، پرسی ئازادی و سەربەستییە. وروژاندنی ئەم پرسە لە ئەنجامی ئەو ژێر دەستەیی و بەکۆیلەبون و بارودۆخە تراژیدییەوە سەرچاوەی گرتوە، کە تاکی کورد بەدرێژایی مێژو لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانەوە ڕوبەڕوی بۆتەوەو لە ناویدا ژیاوە، کە لە دواجاردا کەسێتییەکی ترسنۆک و تێکشکاوی بەرهەمهێناوە. لەم ڕووەوە ئەرکی سەرەکی دەقی ڕۆشنگەر گۆڕینی دیدو تێڕوانینی مرۆڤەکانە لەبارەی ئەو دنیایەی تێیدان بەتایبەتی گۆڕینی مرۆڤە دەستەمۆو ملکەچەکان بۆ مرۆڤی ئازادو خاوەن ئیرادە. نەوزاد ڕەفعەت لە شیعری (سەربەستی) دا سەرنجەکانی لەسەر ئەم بابەتە چڕدەکاتەوەو دەڵێ:

گەر ڕۆژێک بایەکی کۆیلە
سەری خۆی بۆ دانەواندی
چ فەرمانێکی گرنگی پێ دەسپێریت؟
فەرمانی چی !
کۆتی لە مل دەکەمەوەو
دەڵێم: فەرمو بڕۆرەوە
لای چۆلەکەو پەپولەو پونگی دەوجۆگان
هەڕۆوە کن چراو گەڵاو
نمەی ئارەقی گەردن و
قژی خاوی شۆڕە ژنان
هەڕۆوە کن هەوری خۆشڕۆ
سەربەست بەو بۆ کوێت پێ خۆشە
بێ خەم بڕۆ (ڕەفعەت، ٢٠٠٤، ٨٢).

ئەم دەقەی شاعیر بەرهەمی ساڵی ١٩٨٠یە ئەو قۆناغەی تاکی کوردی ئازادییەکانی لە لایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە لێ قۆرغ کرابو. لە سەرەتای دەقەکەدا شاعیر تایبەتمەندیی مرۆڤی بە با بەخشیوە، لەو ڕێگەیەوە زنجیری کۆیلەیەتی و ژێر دەستەیی لە گەردنی ئەو مرۆڤانە دەپچڕێنێت، کە ئازادییەکانیان زەوت کراوە. لێرەدا کاتێک (ئەو)ی بەرامبەر پرسیار لە (من) ی شاعیر دەکات و دەڵێت کاتێک بایەکە هاتە لات چ فەرمانێکی پێدەدەی، شاعیر بەسەرسوڕمانەوە دەڵێ فەرمانی چی! کەواتە نەک فەرمانی پێ ناکات، بەڵکو ئازادی دەکات، چونکە فەرمان دەرکردن جارێکی دیکە شکاندن و زەوتکردن و کۆنترۆڵکردنی کەسێتی و ڕۆحییەتی تاکە. لێرەدا شاعیر ئیش لەسەر هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی دەکات و ڕوبەڕوی ئەو عەقڵییەتە دۆگمایانە دەوەستێتەوە کە بیرکردنەوەکانی تاک لە قاڵب دەدەن و ئازادییەکانی سنورداردەکەن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper9

بەم شێوەیە ئەدیبە ڕۆشنگەرەکان ئەوانەن پارێزگاری لە شکۆی مرۆڤەکان دەکەن، بەگژ هزرە تەسکبین و داخراوەکاندا دەچنەوە، تابۆکان دەشکێنن و هەوڵی خاپورکردنی بتەکان دەدەن و وەڵامی پرسیارە وجودی و ڕۆحییەکانی مرۆڤی سەردەمەکەیان دەدەنەوە. بۆیە "ڕۆشنگەری بریتییە لە شکاندنی دۆگما کلتورییەکان، بریتییە لە دروستکردنی هۆشیارییەکی ڕەخنەگر کە بەرگریی لە ئازادیی تاک بکات لەبەرامبەر گروپدا... بریتییە لە پێناسەکردنەوەیەکی نوێی ئینسان بە جۆرێک سروشتی مرۆڤ نەکات بە قوربانی چەپاندن و کۆنترۆڵکردن، بریتییە لە هەڵگرتنی تابو و حەرام لەسەر بیرکردنەوە، بریتییە لە ئازادکردنی زمان و شێوازەکانی گوزارشت"(عەلی، ٢٠٢١، ١٠٠). لەم ڕووەوە ئەدیبی ڕۆشنگەر مرۆڤێکە، کە دەرون و ناخی لێوان لێوە لەو بەهایانەی شکۆی مرۆڤ دەپارێزن و جوانی و گەشبینی لە نێو ژیاندا پەخشدەکەن.

ڕەفیق سابیر بەشێکی ناوەڕۆکی تێکستە شیعرییەکانی گوزارشتە لەو کارەسات و نەهامەتی و ئازارانەی بەسەر نەتەوەکەیدا هاتون، لە شیعری ( جەنگاوەرێکی ونکراو)دا وێنای نیشتمانێک لە هزری خوێنەردا دەکێشێت، کە کوشتنی جەستەو ڕۆحی تاک و لەناوبردنی خەون و ئومێدو هیواکانیان تیایدا بۆتە دیاردەیەک، بەجۆرێک ئەو پانتاییە جوگرافییەی شاعیری لە نێودایە پڕە لەو کەرەستانەی هەڕەشە لە ئازادی و سەرفرازی تاکەکان دەکەن و سوچێک یان کۆڵانێک نابینێتەوە، کە دەستی بە خوێن سوربوی پێنەگەیشتبێت و لاشەی ساردوسڕی مرۆڤی لە ئامێز نەگرتبێت:

لە شارێکی پڕ خەنجەردا

بەناو پێچی کۆڵانێکی تەنگەبەردا دەڕۆیشتم

دەورووپشتم

بەتارمایی ڕەش تەندرا بو

لاشەی خەڵکی سەر بەرەو ژور

بە باڵای دیوارەکاندا هەڵواسرابو (سابیر، ٢٠١٣، ٤٢٩).

توێژی ڕۆشنگەران لە هەر کۆمەڵگەیەکدا توێژێکن، کە خاوەن تێگەیشتن و هۆشمەندیی و دیدگایەکی کراوەو فراوانن، لە پێناو ئاسودەیی و بەختەوەریی و دادپەروەری و یەکسانی کۆمەڵگەدا پەیامەکانیان دەخەنەڕو، نەک لە پێناو بەرگریکردن لە خێڵ و عەشیرەت و عەقڵییەتە تەسکبینەکاندا. لەم ڕووەوە ئەدیبی ڕۆشنگەر "تەنیا ئەو کەسە نییە کە خاوەنی بیرێکی ڕۆشنە، بەڵکو لە مانا فراوانترەکەیدا ئەو کەسەشە کە بەرهەمهێنی بیری ڕۆشنە، واتە کەسێکی بەرپرسە لەبەرهەمهێنانی ئەو شێوە هزرو ئەندێشانەی کە نیشانەی عەقڵانییەتیان پێوە دیاربێت" (یەعقوبی، ٢٠٠٨، ٢١).

شێرکۆ بێکەس لە شیعری (ئازادی)دا، وای دەبینێت، کە هەمو ئەو ئامانجانەی مرۆڤ بەدوایاندا وێڵە سەرچاوەیەکیان هەیە، گەیشتن بەهەر خەونێکیش ڕێگەیەکی هەیە، هەتا ئەو سەرچاوانە نەدۆزینەوەو ڕێگەکان تاقی نەکەینەوە ناگەینە ئامانجەکانمان، بۆیە لای شاعیر ئەو هەنگاو و ڕێگایانەی دەمانگەیەننە ئامێزی ئازادییەوە، هەوڵدان و تێکۆشان و خەباتکردنە لەگەڵ ئەو دوژمنە سەرسەختانەی، کە دژی ئازادی و پرسە ڕۆشنگەرەکانن:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper9

له ناو هەناوی هەورەوە

مژدەی سەوز دائەباری

لەناو چاوی كانییەوە

ئاوی ژیان هەڵئەقوڵێ

لەناو دەرونی شاخەوە

مەلی بەربەیان هەڵئەفڕی

لەناو برینی كێڵگەوە

گوڵەگەنم ئەهاتە دەر

لەناو لولەی چەكیشەوە

ڕێی ئازادی ! (بێكەس، ٢٠٠٦ ، ٥٧٣ )

بەگشتی ئەو دەقە شیعرییانەی لە قۆناغی پاش حەفتاكانەوە بڵاوكراونەتەوە پەیوەندییەكی بەهێزیان بەو واقیعەوە هەیە كەتێیدا لە دایكبون، لە هەمان كاتدا هەندێكیان لە هەوڵی بنیاتنانی دیدی ڕەخنەیی و ڕوانینی نوێدان. لەم ڕووەوە ئەدیبە ڕۆشنگەرەكان بەو بینینە ڕەخنەگرانەیەی خاوەنین لە هەوڵی دروستكردنی گۆڕانكارین لەو جیهانەی لەنێویدان، كە ئەم گۆڕانكارییەش سەرەتا لە بینینی تاكەكانەوە سەرچاوە دەگرێت. لەم ڕووەوە تێكستەكان ڕۆڵ لە بونیادنانی دنیایەكی جوانترو باشترو دۆزینەوەی ئەو نادیارو نەبینراوانەدا دەبینن، كە چاوی ئاسایی دركیان پێناكات و نایانبینێت و دەروازەی گفتوگۆكان لە بارەی پرسە جیاوازەكانەوە والاترو بەرفرانتر دەكات.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper9

**ئەنجام:**

١- لە سەرەتای حەفتاکان بەدواوە ئەدەبیاتی کوردی بەرەو قۆناغێکی نوێ هەنگاوی نا، شاعیران هەوڵی نوێبونەوەو گۆڕانکارییاندا لە شیعردا، ئەو گۆڕانکارییانەش لە ئەنجامی هۆشیاری و بەئاگایی شاعیران و ئاگاداربونیان لە ئەدەبیاتی جیهانی و ناوچەکەوە بو لە ڕێگەی ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی عەرەبییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بارودۆخی کۆمەڵگەی کوردی ڕوبەڕوی دۆخێکی سەختی ئاڵۆزی نوێ بویەوە، کە وایکرد شاعیرانی هاوچەرخ و قوڵترو بوێرانەتر لەبارەی پرسە ڕۆشنگەرییەکانەوە بدوێن. بۆیە لەم قۆناغەدا شیعری کوردی بویە دەربڕی خەم و ئازارە قوڵەکانی تاکی کورد.

٢- شیعری کوردی لە قۆناغی ١٩٧٠-١٩٩٠ بەگڕوتین و تەژمێکی نوێترو یاخییەوە ڕوبەڕوی واقیع بویەوە، شاعیرانی وەک جەلالی میرزا کەریم، ڕەفیق سابیر- فەرهاد شاکەلی- شێرکۆ بێکەس- عەبدوڵڵا پەشێو- دڵشاد مەریوانی- نەوزاد ڕەفعەت ... ئەوانە بون کە هەناسەیەکی شاعیرانەو بەرگێکی ڕۆشنگەرانەیان بەبەر شیعری هاوچەرخی کوردیدا کرد.

٣-شاعیرانی هاوچەرخ چەندین بابەت و پرسی گرنگیان وروژاند، یەکێک لەو بابەتە گرنگانە پەیوەندی بە هۆشیاری تاک و کۆمەڵگەوە هەبو، چونکە هۆشیاری تاک و درککردن بەو ڕوداو کارەسات و بارودۆخە نەخوازراوانەی ڕودەدەن سەرەتایەکن بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵیان و ڕوبەڕوبونەوەیان بەشێوەیەکی دروست. کە دواتر ئەم هۆشیارییە شاعیرانی بەرەو دەستنیشانکردنی ئاریشەو گرفتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینییەکان بردو بونە خاوەن دیدێکی ڕەخنەگری ڕۆشنگەرانە.

٤-لەم قۆناغەدا ڕۆشنگەری زیاتر پەیوەستی مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و یاخیبون بەرامبەر ئەو واقیعە بویەوە کە تاکی کوردیی لە نێویدا بو، بابەتەکانی ئازادی و سەربەستی و ڕزگاربون لە ژێر دەستەیی و دەربڕینی هەستی مرۆڤدۆستانە دیارترین ئەو بابەت و مەبەستە ڕۆشنگەرانە بون، کە شاعیرانی کورد لە بارەیانەوە دەدوان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper9

# Enlightenment Thinking and its Consequences in Contemporary Kurdish Poetry

**Lanja Abdurahman Ghareeb1 - Mohhammed Amin Abdullah2**
[1]Kurdish Department, College of Education, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region,Iraq.
[2]Kurdish Department, College of Basic Education, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

Enlightenment as an intellectual concept is the result of the perspectives of many thinkers and philosophers in the western world. It has become the source of deep change in the western culture and thinking; it has also come into the eastern world and culture. Eventually, the influence of that movement arrived at the Kurdish literature and can easily be found in the works of Kurdish poets and authors. They dealt with the phenomenon in accordance with their understanding in Kurdish poems. Although the influence of the phenomenon has not reflected in the minds of the Kurdish poets, due to the inappropriate conditions of our nation, as is the case in the western world, the Kurdish poets could take advantage from the various aspects of phenomenon and renew the content of the Kurdish poetry. Enlightenment poets played an effective role in raising the awareness of Kurdish society, especially those who were aware of the innovation movement in the world and had a deep understanding of the conditions of the Kurdish society. Hence, poetry became a moving and a educating message. As a result, we see that the content of the poetry of that period has experienced a remarkable change.

**Keywords:** Enlightenment, Society, Commitment, Intellectual, Awareness, Contemporary Kurdish Poetry.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper9**

## سەرچاوەکان:

بێکەس، شێرکۆ، ٢٠٠٨، ٩٥٥ دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس دا، ئامادەکردن و هەڤپەیڤینی شێرزاد هەینی، چاپخانەی تیشک، کوردستان

بێکەس، شێرکۆ، ٢٠٠٦، کۆمەڵە بەرهەم، بەرگی دوەم، کوردستان، چاپی ئەلیکترۆنی.

پەشێو، عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، پشت لە نەواو ڕو لە کرێوە، چاپخانەی هێڤی، چاپی سێیەم، هەولێر.

حەسەن، محەمەد فەریق، ٢٠٠٨ ، مێنتەڵێتی خێڵ، دەزگای چاپی ئاراس، هەولێر.

دەشتی، کەریم ، ٢٠١٢،دیدو دیدگا، چاپخانەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر.

ڕەفعەت، نەوزاد ، ٢٠٠٤، پەرییەکان هەڵ دەفرێنمەوە، چاپی یەکەم، هەولێر.

سابیر، ڕەفیق(د.)، ٢٠٠٨، کولتورو ناسیۆنالیزم، بڵاوکراوەی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپی دوەم، سلێمانی.

سابیر، ڕەفیق، ٢٠١٣، دیوانی ڕەفیق سابیر، بەرگی دوەم، سلێمانی.

سابیر، ڕەفیق، ٢٠١٤، ئیمپراتۆریای لم، چاپی چوارەم، ناوەندی غەزەلنوس، سلێمانی.

ساڵح، ئاراس محەمەد(د.)، ٢٠١٥، هۆیەکانی گەشەکردنی بزاڤی ڕۆشنبیری لەشاری سلێمانیدا، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

ساڵح، ٢٠٠٧، سەرەتایەک لەبارەی ڕۆشنگەری

ساڵح، هاشم، ٢٠١٢، لە مۆدێرنەوە بۆ جیهانگیری، وەرگێرانی: ئەرسەلان ئێناخ، عیرفان ئەحمەد، چاپخانەی گەنج، سلێمانی

شاکەلی، فەرهاد، ٢٠١٦ ،کۆی بەرهەمە شیعرییەکان، چاپەمەنی مانگ. بانە.

عەلی، بەختیار ،٢٠٢١، ئایدۆلۆژیست، چاپخانەی ناوەندی ڕەهەند، چاپی دوەم، سلێمانی

غەفور، خەڵەف، ٢٠٢١، عەشق و ئازادی چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەفیق سابیر، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

فەرهاد، پیربال، ٢٠٠٥، ڕەگو ڕیشەکانی تازەبونەوەی شیعری کوردی، چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای کوردستان، هەولێر.

قانع، مەریوان وریا، ٢٠٠٤،شوناس و ئاڵۆزی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

قانع، مەریوان وریا، ٢٠١٥، دڵڕەقیی و بێماڵیی، ١٧٦، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی

کەریم، ٢٠٠٨، محمدی مەلا، دو بابەت لە بارەی بیرو شیعری حاجی قادری کۆییەوە، دەزگای ئاراس، هەولێر.

کەریم ، جەلالی میرزا، ٢٠١٨،ڕوانینەکانی چاوی شەقام، چاپی ئەلیکترۆنی.

لۆک،جۆن ، ٢٠١١، نامەیەک سەبارەت بە حکومەت، وەرگێرانی:سەلاح سەعدی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی یەکەم، هەولێر.

مەریوانی، دڵشاد ، ٢٠٠٩،چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ،هەولێر.

میرە، ئەحمەد، ٢٠١٢، کاریگەریی بزوتنەوە ڕۆشنبیری و ئەدەبییە کوردییەکان لەسەر کۆمەڵگای کوردی باشوری کوردستان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

یەعقوبی، عەبدولخالق، ٢٠٠٨،لە کولتورەوە بۆ ئەدەبیات، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

صادق، فؤاد طاهر، ١٩٨٧، هۆشیاری، وزارة الاعلام، بغداد.

بێکەس، شێرکۆ، ١٩٧١، گۆڤاری ڕوانگە، چاپخانەی النعمان، نەجەف.

پیربال، فەرهاد، ٢٠٠٠، مێژوی وەرگێران لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی بێگانە، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە ١٧-١٨، سلێمانی

حیلمی، ڕەفیق، ٢٠٠٠، باسی جەمال عیرفان، گۆڤاری ڕۆڤار، ژمارە ١٣، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

فەتاح، شاکر، ٢٠٠٣، گۆڤاری ڕۆڤار: ژمارە ٢٦، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

قەرەداخی، ئەکرەم، ٢٠٠٦، پابەندبون لە ئەدەبدا، گۆڤاری ئایندە، ژمارە ٦٩، سلێمانی.

الصباغ، عبداالطیف الشیخ توفیق الشیرازی(د.)،٢٠٠٥، مصطلح التنویر: کلیة الاداب: جامعة عبدالعزیز، جدة.

بغورە، الزواوی (د.) ،٢٠٠٩ ،مابعد الحداثة والتنویر، دار الطلیعة للطباعة والنشر، الطبعة الاولی، بیروت .



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper9

بيتروف ، . س، ٢٠١٢، الواقعية النقدية فى الادب ، ترجمة: د. شوكت يوسف، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب، ديمشق.

سالح ، هاشم، ٢٠٠٥، مدخل الى التنوير الاوروبى، دار الطليعة، الطبعة الاولى، بيروت.

كانط، أمانويل، 2005، ثلاثة نصوص تأملات فى التربية، ماهى الانوار، ماالتوجه فى التفكير، ترجمة محمود بن جماعة، دار محمد على للنشر، تونس.

هيملفارب، غيرترود، ٢٠٠٩، الطرق الى الحداثة ، ترجمة د.محمود سيد أحمد، كويت.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper9**